پاشماوەی

## ساکار ئەحمەد لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی میدیا

کۆنەپەرستانەو پیاوسالاریەوەیە کە ژنان و کچانی دیل کردوەو سەرەنجام تروسکاییەك بۆ ژیان لە چوارچیوەی یاسای کۆنەپەرستانەو دابونەریتی پیاوسالارانەو ناموسپەرستانەدا نابیننەوە. بەپیی قانونی عقوباتی سالی ١٩٦٩ی تەعدیل کراو کوشتنی ژن سزاکەی شەش مانگە لەگەل غەرامەیەکی زۆر کەم. ئەمەش وایکردوە قاتلانی ژن ئازاد بن و شانازی بەکوشتنی نزیکترین کەسیانەوە بکەن. وەك وتم قانون پشت و پەنای قاتلانی ژنە، لەلایەکی تریشەوە بوونی رەوتە ئیسلامییەکان لە کوردستان هاندەرن بۆ بێمافی و تیرۆری ژنان، لە هەمان کاتدا قانون پالپشتی بانگەوازەکانە لە مینبەری مزگەوت وەدەزگانی تردا بۆ کویلە کردنی ژنان.

**میدیا:** ئیوە وەك یەکسانی پیتان باشە چ یکری بۆ ئەو ژنە لیقەوماوو کۆست کەوتوانە؟

**ساکار ئەحمەد:** مەبەستت لەو ژن و کچانەیە کە بونەتە قوربانی ناموسپەرستی و پیاوسالاری! ؟

**میدیا:** بەلی لەوانە لیقەماوتر هەیە؟

**ساکار ئەحمەد:** بۆ پاراستنی ئەو ژن و کچانە، ئیمە سەنتەریکمان دروست کرد و توانیمان ژمارەیەکیان بپاریزین، وە ئیستاش چەند ژن لای ئیمە دەپاریزرێن. ئەمە ریگایەکە بەلام گومان لەوەدا نییە که ژمارەی ئەو ژن و کچانەی روبەروی ئەم کیشەیە دەبنەوە و ژیانیان دەکەویتە مەترسیەوە بەرادەیەکی ئەوتۆن کە دەیان سەنتەر ناتوانێ لەخۆیان بگرێ، بۆیە چارەسەری عەمەلی و ریشەیی ئەوەیە کە: یەکەم، لە یاسادا ئەوە بەرەسمی رابگەیەنرێ کە هەرجۆرە توندوتیژی نواندیك بەرامبەر ژنان و کچان بە تاوان بناسریت و ئەنجامدەرانی وەکو تاوانبار مامەلە بکرین و سزای یاسایی بدرین، ئازادی دیاریکردنی پەیوەندی جنسی نیوان کچان و کوران لە لایەن خۆیانەوە، ئەوانەیان کە تەمەنیان بە تەمەنی یاسایی گەیشتبێ، بەرەسمی بناسریت، هەروەها پەیوەندی ژنان و پیاوان لەدەرەوەی زەواجدا بە تاوان دانەنریت، وە لە مەیدانی فەرهەنگ و هوشیاری گشتیدا ئەم مافانە رەواجیان پێ بدرێ و خەلکیان پێ هوشیار بکریتەوەو دابونەریتی کۆنەپەرستانە بخریتەبەر رەخنەو دابونەریتی ئینسانی و مۆدیرن پەرەیان پێبدرێ. بەبروای من ئەمانە ئەو ریگایانەن کە هەم ئەم قوربانیانەی ئیستا دەپاریزێ و هەم دەرگاش لەبەردەم پەرەسەندن و مانەوەی ئەم تاوانەدا دادەخات.

**میدیا:** تۆ لەو باوەرەدای ئەو مافانەی لە ئەوروپا بە ژن دراوە تەواوی مافەکانی ئافرەتانە؟

**ساکار ئەحمەد:** ژنانی ئەوروپا بەشیك لە مافەکانیان دەستەبەرکردوە و پەیرەوی لیدەکەن، لانی کەم ژنان لە باری یاساییەوە یەکسانن، ژنان خاوەنی ئابووری خۆیانن و موحتاجی پیاو نین بۆ ئەوەی بیان ژێنێ، ئازادی هەلبژاردنی پەیوەندی جنسی و هاوسەریان هەیە، ئازادی جیابونەوەیان هەیە، وەزۆری دیکەش لە مافە سەرەتایی و مەدەنیەکانی ژنان بەرەسمی لەیاسادا دانیپیدا نراوەو یاسا بەرگرییان لی دەکات. توندوتیژی دژ بە ژنان وەکو تاوان حساب دەکرێ و..تاد. ئەوەی کە لە کوردستان ژنانی لەسەر قەسابی دەکریت لە ئەورپا سەرەتایی ترین مافی ژنانە کە پیشیلکردنی تاوانە. بەلام بێگومان ژنانی ئەوروپاش بە مانای واقعی ووشەکە ئازادو یەکسان نین. چونکە لەویش ژنان وەکو کالا مامەلە دەکرێن و بەجۆرو شیوازیکی تر مافیان پیشیل دەکریت. چونکە لە ئەوروپاش سیستەمی سەرمایەداری دەسەلاتدارە، وە یەکسانی تەواوی ژنان لە نیزامی کۆمەلایەتی کۆمۆنیستیدا دەستەبەر دەبێ.

**میدیا:** بە ئیوە دەلین بە دوای ئەوە دەگەرین ئەو حالەتانە دەرخەن بۆ ئەوەی ئەزموونی کوردستان بشوینن؟ کی ئەوە دەلیت؟ ئەوانەی لە دەسەلاتەوە نزیکن؟

**ساکار ئەحمەد:** ئیمە وەکو ریکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان، پلاتفۆرمو بەرنامەی خۆمان هەیە، ئیمە بۆ یەکسانی ژنان و پیاوان تیدەکۆشین، بۆ ئەوە تیدەکۆشین کە مافە سەرەتاییەکانی ژنان ببیتە یاسا، بۆ ئازادی ژنان تیئەکۆشین. تەنانەت خواست و مافەکانی ژنانمان بۆ کۆمەلگا و بۆ دەسەلاتیش خستۆتە روو، کاری ئیمە پیلانگیری نەبوەو نییە، ئیمە یاسای بەدیلی خۆمان خستۆتەروو هەموو کەسیکیش ئەتوانێ بۆچوونی خۆی لەسەر بدات و دیالۆگو جەدەلمان لەگەل بکات. بەلام ئەوە مایەی گالتەپێکردنە کە ئەزمونیك بە خستە رووی ئەم خواست و مافە ئینسانیانەی ژنان تیك بچێت! دەبێ ئەو ئەزمونە چ ئەزمونیك بیت کە بە خستنەرووی خواستەکانی ژنان بشیویت، کە بە دژایەتیکردنی تیرۆری ژنان و کوشتن و ئەتککردنیان لە لایەن ئیمەوە بشیویت! ؟ ئایا ئەو ئەزمونە کە خۆی لە بەرامبەر خواستە ئینسانیەکانی ژنان دەبینیتەوە، دەبێ لە لایەن ژنانەوە چ ریزیکی بگیرێ! ؟

نە ژنان و نە خەلکی ئازادیخوازو مۆدیرن ئیمە بە ترسناك و خەتەر نازانن بۆ سەر کۆمەلگا. ئەوەشی ئیمە کردومانە بەشیکە لە کاری ئیمە وەك ریکخراویکی ژنان کە ئاشکراکردنی ئەم نایەکسانییەو ئەم بێ مافی و زولمەیە بەرامبەر ژنان کە رۆژ دوای رۆژ توندتر یەخەو بەرۆکی ژنان دەگریت. ئایا ئەمە خەتەرە بۆ کۆمەلگا یان ژنکوژان و ئەوانەی دەخالەت لەسەرەتاییترین مافی ژنان دەکەن؟ یان ئەوانەی فتوای کوشتنی ژنان دەدەن، ئەوانەی تیزاب بە قاچ و دەستی کچاندا دەکەن و...تاد. ئایا ئەمانە باری کومەلایەتی کۆمەلگای مەدەنی کوردستان دەشیوینن، یان ئەوانەی ئەم یاسا کۆنەپەرستانەیەی رژیمی بەعس دەهیلنەوە و پاکانەی یاسایی کوشتنی هەزاران ژن دەکەن، یان ئیمە کە دەمانەوێ ژنان لە چەقۆی پیاوسالاری و ناموسپەرستی و لە بێ مافی رزگار بکەین! ؟ بێگومان لایەنی جۆراوجۆر هەیە کە بەرژەوەندی سیاسی‌یان هەیە لە ووتنی ئەم قسانە، ئینجا چ ئەوانەی لە دەسەلاتەوە نزیکن و چ ئەوانەی کە لەگەل مانەوەی یاساو دابونەریتی کۆنەپەرستانەو پیاوسالاریدان.

**میدیا:** شەهلا حەیدەری لەچاوپێکەوتنیکدا کە تایم لە گەلی ئەنجامی داوە، دەلی هەردوو حزبی کومونیستی کریکاریی عیراق و ئیران داوای بەرەلایی سیکسی دەکەن. ئەمە تا چ رادەیەك راستە؟

**ساکار ئەحمەد:** من وەکو کادرێکی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق و هەلوسراویکی ریکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان، وەلامی ئەم پرسیارەی ئیوە دەدەمەوە.ئەو قسەیەی ئەو ژنە کردویەتی تازە نییە. دەمیکە ئیسلامیەکانی کوردستان، کۆنەپەرستانی ژن کوژ، ناموسپەرستان و ئەوانەی بە چنگ و ددان پاریزگاری لە پیاوسالاری دەکەن، ئەوانەی کە کەلتوری عەشیرەت بە فەرهەنگی کۆمەلگا دادەنین و کوشتنی ژنان بە بیانووی ناموسپەرستییەوە بە بەشیك لە کەلتوری کۆمەلگا دادەنین کە دەبێ پاریزگاری لی بکرێ، بەلێ ئەمانە بە چەندین شیوەو لە چەندین کەنالی راگەیاندن و بلندگۆی مزگەوتەوە، ئەم پروپاگەندە رزیوو گەندەلەیان دژی ئیمە بەریخستوە. بەلام شەهلای حەیدەری کە بە حساب ئەندامی ریخراوێکە خۆی بە کۆمۆنیست ناودەبات درەنگ بە ئۆردوی ئەم کۆنەپەرستانەوە پەیوەست بووە.. رق و کینە لە کۆمۆنیزمی کریکاری بەوەی گەیاندوە کە دەست بەدامینی کۆنەپەرسترین تاقم و رەزیلترین پروپاگەندەوە بگریت. بەلام ئیمە بە راشکاوی ئەوەمان راگەیاندوە کە پێویستە ژنان و پیاوان ئازادبن لە دیاری کردنی پەیوەندی جنسی نیوانیان و لەهەلبژاردنی هاوسەرو ژیانی هاوبەش. ئەمە مافیکی ئاسایی ئەوانەو هیچ دەزگاو ئۆرگانیك و هیچ دەستەو تاقمیك و هیچ کەسیك بەناوی وەلی ئەمرەوە بۆی نییە دەست بخاتە ناو ئەم مەسەلەیەوەو ئەوە کاریکی شەخسی ژنان و پیاوان خۆیانە. ئەم مافە بۆ ژنانی ئەوروپا بەرەسمی ناسراوە، شەهلای حەیدەری لە ئەوروپا دەژی و خۆی لە رووی یاساییەوە لەو مافە بەهرەمەندە، بەلام چ ئەو وەکو ناسیۆنالیستیکی عەشیرەتی و چ ئەوانەی دیکە کە لە چوارچیوەی دابونەریت و فەرهەنگی عەشیرەتی و ئیسلامیدا دەسورینەوە بەمە دەلین بەرەلایی سیکسی. ئەوە عەقلی پیاو سالاری و ناموسپەرستی ئەوانە کە ناتوانێ ئەم مافە سەرەتاییە بۆ ژنان قبوول بکات. لە فەرهەنگ و کەلتورو دابونەریتی ئەماندا ژن دەبێ کۆیلەو پەرژینکراو بیت! دەبێ ژن لە ژیر فەرمانی ئەواندا بیت و سیکسی ژن پاشکۆی سیکسی پیاو بیت و هەر بە خاتری ئەویش بیت، بۆیە ئازادی ژن بە نەمانی ئەو پەرژینەو ئەو پاوانکردنەی سیکسی ژنان سەیر دەکات و لیرەوەیە کە هاواریان لی هەستاوە.

پاشماوەی

## خەباتکارێکی مافە مەدەنیەکان لە کوردستان

دەدەنە گرتنی کۆڕی جۆراوجۆر. لە سالی ١٩٩٣دا رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان دروستدەکەن لەبەرانبەر ئەو رێژە بەرزەی توندوتیژییەدا کە لەبەرانبەر ژناندا بەکاردەهات.

- "ئێمە زۆر بە توندی رەخنەگری ئەوە بووین کە هەتا ئێستاش یاسای ئەحوالی شەخسی حکومەتی بەعس لە دادگاکانی کوردستاندا بەکار دەهێنرێت. تا ئێستاش لە خەباتێکی بەردەوامداین تا ئالوگۆرێکی جدی لەم یاسایەدا پێکبهێنرێت. بەپێی یاسای ئەحوالی شەخسی، کوشتنی ژنان لەژێر ناوی ناموسدا قانونییە و تاوانباران سزایەکی ئەوتۆ نادرێن".

ئەم سووتانە بەپەرۆشەی ناسك بۆ خەباتکردن لە پێناوی مافەکانی ژناندا دەبێتە هۆی خولقاندنی رێگرییەکی زۆر لە ژیانی شەخسی و تایبەتی خۆیدا. ناسك ئەحمەد لە سالی ١٩٩٤ دا خوێندنی کۆلیژی پزیشکی تەواو دەکات و تەنها سالێك دەتوانێت وەك پزیشك کار بکات ئەویش بەهۆی کارو چالاکی سیاسییەوە، چ لە رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتاندا و چ لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقدا.

"لەلایەن هەندێك لە گرووپەکانەوە هەڕەشەی مەرگم لێکرا و نەمتوانی درێژە بە کاری پزیشکی بدەم و ژیانم شێوازیکی نهێنی گرتە بەر. لەمڕۆدا هەلومەرج کەمێك باشترە، بەلام هێشتاکە بۆ ژیانی شەخسی ناسك ناتوانرێت بووترێت بێ گرفتە. هەر بۆیەش ئەو ناتوانێت بلێ کە لە کوێ دەژی.

بە کارو چالاکییەکانی رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان توانرا سەنتەرێکی پارێزگاری بۆ ژنانێك کە هەڕەشەی مەرگیان لەسەرە دروستبکرێت. رێکخراو هاوکات وەك ناوەندێکی پەیوەندی کاری کردووە لە نێوان ئەو ژنانەی کە کێشەیان هەبووە و خێزانەکانیاندا.

–"بەلام ئەگەر ئێمە تەنها بە شاردنەوەی ژنانی هەڕەشە لەسەر ئێکتیفامان بکردایە، ئەوا بەجۆرێك کارو چالاکی خۆمانمان لێرەدا سنووردار دەکرد. هەربۆیەش چالاکییەکانمان وەك ئەوەی لێدەهات کە حەبێکی ئەسپرین بدەین بەو کەسەی کە بەدەست نەخۆشییەکەوە دەنالێنێ. هەربۆیەش لە تەواوی بوارەکاندا داخوازییەکانی ژنانمان بەرز ڕاگرت. ئێمە دەمانەوێ کە ژنان هەست بە حورمەتی ئینسانی خۆیان بکەن" ناسك ئەم وشانە بە جۆرێك دەدرکێنێت کە هەست بەلەرینەوەیەکی تایبەتی دەکرێ لە دەنگیدا.

کاتێك فاتمە ساهیندال لەلایەن باوکییەوە کوژرا بەهۆی ئەوەوەی کە ئەو دەیویست بەو شێوەیە بژی کە خۆی دەیویست وەکو ژنێك لە سویددا، سەرنجدانی میدیای سوید بەم مەسەلەیە بەجۆرێك کاریگەری خۆی دانا لەسەر باسەکانی بەرابەری لە کوردستاندا.

–" کەیسی فاتمە و پێلا بە مانای فشارێکی زیاتر بۆ سەر دەسەلات دێتەوە و کۆمەك بە خەباتی یەکسانیخوازانەی ژنان دەکات لە کوردستان."

بەپێی ئەو ئامارانەی کە لەبەر دەستی رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتاندایە، ژمارەی قوربانییەکانی ژنان بە هەزاران دەژمێردرێت، بە تایبەت لە دوای سالی ١٩٩١ وە. ناسك ئەحمەد پێی وایە کە دەولەتی سوید دەبێ لەبەرانبەر ئەو هاولاتییانەی لە سویددا دەژین و پەیڕەوی لە فەرهەنگ و سوونەتێکی تری نایەکسانیخوازانە دەکەن، داخوازی خۆی هەبێت. " ئەو مافە مەدەنییانەی کە لێرە وەك مافی هاولاتییان ناسێنراون بۆ هەمووانەو ناکرێت بە شوێن پێ جیاوازە میللی و ئایینی و کولتورییەکانەوە ببەسترێتەوە. ئاخر ئەوان کەمایەتییەکی ئیتنی جیاواز نین و بەشێکن لەم کۆمەلگایە."

ئەمڕۆ ناسك ئەحمەد بۆ هاوخوشکانی کوردی خۆی سەبارەت بە مافەکانی ژنان و تاوانەکانی ناموسی لە هۆلی فۆلکێتس هیوس قسە دەکات لە کاتژمێری سێی پاش نیوەڕۆ.

# گفتوگۆ لەگەڵ هەڵاڵەی تاهیری



**هەڵاڵەی تاهیری بەرپرسی مەڵبەندی دیفاع لە مافەکانی ژنانی کوردستانو هەڵسووڕاوێکی ناسراوی بزووتنەوەی ژنانە، لەم ماوەیەداو لە گەشتێکی چەند مانگیدا سەردانی کوردستانی عێراقی کرد، یەکسانی ئەم دەرفەتەی قۆستەوەو ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵدا سازدا**

**یەکسانی:** مەڵبەندی دیفاع لە مافەکانی ژنان لە کوردستان کەی دامەزرا؟ مەبەست لە دامەزراندنی ئەم ناوەندە چی بوو؟ ئامانجەکانی چی‌یە؟

**هەڵاڵەی تاهیری:** ناوەندی دیفاع لە مافەکانی ژنانی کوردستان لە ٨ی مارسی ئەمساڵدا خۆی راگەیاند. ناوەند لەپێناوی رزگاریی ژنان لە نایەکسانیو سڕینەوەی هەڵاواردندا بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران- "دنیایەکی باشتر"ی کردووەتە بەرنامەی کاری خۆیو پێی وایە تەنها بە لەناوبردنی سەرمایەداریو کۆڵەکە ئابووریو سیاسی‌یەکانی ئەم سیستەمە دەکرێ یەکسانی راستەقینەی نێوان ژنو پیاو دەستەبەر بکرێت. ناوەند خۆی سەر بە بەرەی سۆسیالیستی نێو بزووتنەوەی ژنان دادەنێو لەم نێوەدا نوێنەرایەتی ئەم رەوتە دەکات لە کوردستاندا. لە هەمانکاتدا ئێمە خۆمان بەجیا لە بزووتنەوەی سەراسەری ژنانی ئێران لەدژی جمهوری ئیسلامیو یاسا دژی ژنە ئیسلامی‌یەکان نەزانیووەو هەمیشە خۆمان بە بەشێك لەم بزووتنەوەیە دەزانین. بەڵام ئاڵۆزی‌یە کەلتوریو عەشایەری‌یەکانی کۆمەڵگای کوردستان ئێمە ناچار دەکات تا بەشێوەیەکی تایبەتی‌تر بۆ خەبات لەدژی ئەم کەلتورانە بەشێوەیەکی رێکخراوانە خەبات بکەین. لەوانە کوشتنی ناموسیو هەندێ دابونەرێتی تەواو کۆنەپەرستانە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ژناندا، لەژێر ناوی گەورە بە بچووك، ژن بەژن، خوێن بایی، خەتەنەکردنی کچانو...تاد. ئەم نەرێتو رەفتارانە هەموو رۆژێك لەلایەن حیزبە ناسیۆنالیستو عەشایەرەکانی ناوچەکەوە دەمەزەرد دەکرێنەوە. ناسیۆنالیزم خۆی هەمیشە رێگرو بەربەستێکی جدی بەرەوپێشەوە چوونی بزووتنەوەی رادیکاڵی ژنان بووەو هەمیشە بزووتنەوەو خەباتی ژنانی کردۆتە دەستاوێزو پاشکۆی ئامانجە ناسیۆنالیستی‌یەکانی خۆی. هەمیشە بەڕوویدا وەستاوەتەوە، یان بەهۆی پاڵەپەستۆو فشاری خەباتی ژنان هەوڵی داوە ئەم خەباتە بکاتە پاشکۆی خەباتی میللی-قەومی. ناوەندی دیفاع لە مافەکانی ژنانی کوردستان لەپێناوی وەدیهێنانی ئەلتەرنەتیڤی سۆسیالیستی جێمەبەستیدا دەبێ بکەوێتە بەرامبەرکێوە لەگەڵ ئیسلامی سیاسی ناوچەکەدا، لەگەڵ عەشایەرو کەلتوورە دەمەزەردکراوەکەیو لەگەڵ حیزبە ناسیۆنالیستی‌یەکاندا. ئەمە ئەو رێگایەیە کە بەهۆشیاری‌یەوە هەڵمان بژاردووە.

**یەکسانی:** ئەمساڵ تۆ سەفەری کوردستانت کرد، ئامانجی سەفەرەکەت چی بوو؟

**هەڵاڵەی تاهیری:** من لەبەرواری ٢٤ی حوزەیرانی ئەمساڵدا سەفەرێکم کرد بۆ کوردستانی عێراق. من خۆم ساڵانێك بەرلەئێستا چەندین ساڵ لە کوردستانی عێراق ژیاوم، هەر بۆیە لەگەڵ مەسەلەو گرفتەکانی ژناندا نائاشنا نەبووم‌و لێی ئاگادار بووم. وەکو هەڵسووڕاوێکی بزووتنەوەی ژنان دەبێ بڵێم هەرچەندە کە لە دوورەوە لە وەزعی ژنان ئاگاداربووم‌و زانیاریم لەبارەیەوە هەبووە، بەڵام دیسانەوە گەلێك مەسەلە هەیە کە دەبێ بیبینیت، پەیوەندی بەرقەرار بکەیت‌و تەماس بگریت. من لەم سەفەرەمدا گەلێك شت لەو ژنانەوە فێربووم کە بینییانم وە لەو هەڵسووڕاوانەوە فێربووم کە دیدارم کردن. گەلێك دۆستو هاوبیری باشم پەیداکرد. وەکو هەڵسووڕاوێکی بزووتنەوەی ژنان بۆ بردنە پێشەوەی کارەکانم ئەم پەیوەندی‌یانە بەزەرور ئەزانم.

**یەکسانی:** پێش سەفەرەکەت چ لێکدانەوەیەکت لەسەر وەزعی ژنانی کوردستان هەبووو ئێستاو پاش سەفەرەکەت چ لێکدانەوەیەکت هەیە؟ بەمانایەکی تر ئایا سەفەرەت لەمبارەیەوە هیچ گۆڕانکارییەکی لە لێکدانەوەی تۆدا دروست کرد؟

**هەڵاڵەی تاهیری:** ئەمە بەندە بەوەوە کە هەڵسووڕاوانی ژن لە دیدارەکانیاندا لە کوردستان بەچ ئاستێك لە چاوەڕوانیەوە دەڕواننە وەزعی ژنان. رۆژگارێك لە ئەوروپا مەحەکی هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگایەکی تەندروست وەزعو هەلومەرجی ژیانی ژنان بوو، لەیەك قسەدا ژنو جێگاوشوێنی ئەو لە کۆمەڵگادا پێودانگێکی گرنگ بوو. ئەمڕۆ لە ئەوروپادا لەسایەی ساڵانێکی دوورو درێژ لە خەباتی کۆمۆنیستەکان، رێکخراوە یەکسانیخوازەکانی ژنانو ئازادیخوازاندا وەزعی ژنان لە دۆخێکی باشتردایە لەچاو جاران. ئەمڕۆ لە هەندێك لەم وڵاتانەدا مەحەکی هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگا لە ژنەوە بووەتە مناڵ. گەشەو تەندروستی منالو ئاستی بەرز بۆ پەروەردەو فێرکردنی منال ئەو مەحەکەیە کە بەپێی ئەو دەتوانی قسە لەسەر تەندروستی ئەو کۆمەڵگایە بکەیت. بەداخەوە ئەمە لە وڵاتانی خۆهەلاتی ناوەڕاستو ئاسیا هێشتا لە قۆناغی یەکەمدا ماوەتەوە، واتە هەمان مەحەکی وەزعی ژنان. دیارە ئەمەش هۆی خۆی هەیە. ئەگەر لەگەڵ ئەم هەڵسەنگاندنەی مندا هاوڕابن، ئەو کات وەڵامی من بە کۆمەڵگایەك کە پێشتر دەم ناسیو ئێستا سەردانیم کردووە مەعلوم دەبێت. بەلای منەوە وێنایەك کە لەبارەی وەزعی ژنانەوە لە کوردستان هەم بوو، ناواقعی نەبوو، تەنانەت زیادەڕۆیی‌شی تیا نەبوو. منو هەموو لایەنگرانی یەکسانیخوازی مافەکانی ژنان چ لە ناوخۆ چ لە ئەوروپادا ڕوو لە خەڵکی جیهان دەمانگوت وەزعی ژنان لە کوردستاندا نالەبارە. ئێستاش هەر ئەمە ئەڵێمەوە. لەم سەفەرەمداو لە دیدارەکانمدا لەگەڵ ژنانو هەڵسووڕاوانی ئەم مەیدانە لە بوارە جیاجیاکانداو بەسەرنجدانی ئەو گرفتە جۆراوجۆرانەی کە هەیانبوو، بینیم کە چۆن وەزعی ژنان لەماوەی ١١ ساڵ دەسەڵاتدارێتی حیزبە ناسیۆنالیستەکانداو لەژێر سایەی هەمان یاسا دژی ژنەکانی سەردەمی صدامدا، واتە قانوونی ئەحوالی شەخسیو عقوباتو...تاد، وەزعێکی مەئساوی‌یە. هێشتا ژنان تیرۆر دەکرێن، دەکەونە بەر کوشتنی ناموسیو ئیغتیسابو بێحورمەتی. ئامارەکانی کوشتنی ژنان ئەگەرچی گوایە ئەمڕۆ کەمترە، بەڵام لەولاوە خۆسووتاندن، خنکاندنی ژنان، دەرمانخوارد کردنی ژنان، کوشتنیان لەژێر کوتەك کاریو شەقو لەقەدا جێگای ئامارە سەرسوڕهێنەرەکانی پێشووی پڕکردۆتەوە. کاتێك لاپەڕەی رۆژنامەکان هەڵئەدەینەوە، سەرباری ئەو هەموو هەوڵەی کە بۆ کەمڕەنگ کردنەوەی ئەم مەسەلەیە دەیدەن، هێشتا ناچارن کە بەشێك لەم کوشتو کوشتارە بڵاوبکەنەوە. هەر ئەو بەشەی کە لە رۆژنامەکاندا بڵاودەبێتەوە خۆی هاواری ئاشکرای ژنانێکە کە بەزمانی خۆیان دەڵێن کە لەبەرچی کۆتایی بە ژیانی خۆیان دێنن، بۆچی خۆیان دەسووتێنن؟ بۆچی دەکوژرێن؟ دەبێ پەنا بۆ کوێ ببەن؟ ئەم ژنانە لە یاسای نایەکسانی خێزاندا ژێرچەپۆکەو مەحکومن. لە زەواجو تەڵاقدا بەسووك سەیر ئەکرێنو بێ‌مافن. چەند ژنە رێگەی پێدراوە. نەتەنها بەر بەو قانوونە نەگیراوە بەڵکو ئەمڕۆ بەشێوەیەکی رەزیلانە لەلایەن حیزبە دەسەڵاتدارو عەشایەریو رەوتە ئیسلامی‌یەکانەوە بەهێزدەکرێنو پاساو دەکرێن. لەم دواییەدا جەنابێك لە مەکتەبی کۆمەڵایەتی پارتی دیموکراتەوە لە مونازەرەیەکی تەلەفزیۆنی گوڵاندا وتوویەتی ژمارەی پیاو کەمەو چەند ژنە بە یەکێك لە رێگاچارەکان دەزانێت. لێدانو لەماڵ دەرکردن بەسەرهاتو گرفتێکی رۆژانەی گەلێك لە ژنانە. دەڵێن دەکرێ لەرێگەی یاساوە شکات بکرێت. بۆ نموونە لەو دەڤەرەدا کە پارتی دیموکراتی کوردستان حوکمی دەکات گوایا لێدان لە ژنانیان قەدەغە کردووە. دەبێ لەم جەنابانە بپرسین کەوایە بۆچی ١١ ساڵە دژایەتی لەگەڵ خواستی رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانو ژنانی یەکسانیخواز ئەکەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی قانوونی کوشتنی ناموسی. با وای دابنێین کە ئەم یاسایە نووسراوە، بەڵام هەرگیز ئەوان بە ئارەزووی خۆیان لە دادگاکاندا جێبەجێی ناکەن. ژنێك کە لێدان ئەخوات چۆن ئەتوانێت شکات لە مێردەکەی بکات، لەکاتێکدا کە دەزانێت هێشتا شمشێری ناموسپەرستیو کوشتن بەسەر سەریەوەیە. ئایا یاساکانی دیکەی وەك ئەحوالی شەخسی ئەو بەتاوانی سووکایەتیو بێحورمەتی بە مێردەکەی مەحکوم ناکات. بەپێی ئامارێك کە ساکار ئەحمەد لە دیدارێکدا کە لەگەڵیدا سازمدا ئاماژەی پێدا، گوایا ژنانێك کە تاکو ئێستا جورئەتیان کردووە شکات لە مێردەکانیان بکەن ئەوەندە کەمن کە بە پەنجەکانی دەست ئەژمێردرێن. ئەمە بەراورد بکەن لەگەڵ دەریایەك لە سووکایەتیو بێحورمەتی رۆژانە لە ناو خێزانو تەنانەت لە شوێنی کاریش. ئەم بڕە گۆرانکاری‌یەش لە سایەی فشاری رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و فشاری رۆشنبیرانو ژنانی یەکسانیخواز بووە کە قانوونی ئەحوالی شەخسی‌یان لە ئەلفەوە تاکو یای رەتکردۆتەوەو بۆ هەڵوەشاندنەوەی خەبات دەکەن. دوو ساڵ بەرلەئێستا یەکێتی نیشتمانی لە سلێمانیدا چەند ماددەیەکی ئەم یاسایانەی گۆڕیو پارتی‌یش ئەمساڵ پاش ١١ ساڵ توندوتیژی ئاشکرای دینی- کەلتوری کە خودی ئەوان دەخالەتیان هەبووە تیایداو هۆکارێکی هێشتنەوەی بوون، پێیان لە جگەریان ناو کەوتنە قسەکردن لەسەر ئەو ماددانەی

⇦

⇨

غیرەتو پیاوەتی پیاو سەبارەت بەشەرەفو ناموسەوە بەستۆتەوە" ئیسلام بەم جۆرە لەگەڵ ئەوەی داوای چوار شایەت دەکات، بەڵام ئەوەندە پیاوان بە ناموسو شەرەفو غیرەتی پیاوانە هاندەدا کە خوێن دەپەڕێنێتە چاویانو هەرکەس بە دابو نەرێتو بیری ئیسلامی گیرۆدەبێت لە ژێرکاریگەری ئەم تەحریکاتەدا چەقۆی ژەنگاوی دەنێتە ملی ئەو ژنەی کە بە حوکمی ئیسلام "ناموسو شەرفی" لەکەدارکردوەو تەحەمولی شایەت پەیداکردنیش ناکات. ئیسلام ژن بە شەرەفو ناموسی پیاو دەزانێ، شەرەفو ناموسیش بە پێوانەی "غیرەتو پیاوەتی" دادەنێ، کەوایە ئیتر چ شتێك لەوە پوچترە کە بەڵگە بۆ دژایەتی ئیسلام لەگەڵ کوشتاری ناموسپەرستانەی ژنان بهێنرێتەوە.

بەهەرحاڵ ئەم بڕیارە کە بە زەبری خەباتو تیکۆشانو زەختی ڕای ئازادیخوازی ناوخۆو دەرەوەی کوردستان بەسەر دەسەڵاتداراندا سەپێنراوە، هەنگاوو دەسکەوتێکی ڕوو لەپیشە بۆ بزووتنەوەی یەکسانیخوازی بەڵام پێویستە هەر لەم پەیوەندەدا جەخت لەسەر ئەوە بکەین کە تا ئەو جێگایەی دەسەڵاتدارانو کۆنەپەرستان بیانەوێ ڕەنگوبۆیەکی ئیسلامی بدەن بەم بڕیارە، هەوڵێکی بە تەواوی چەواشەکارانە دەدەنو لە ڕاستیدا خەریکن خودی بڕیارەکە لە ناوەڕۆکەکەی بەتاڵ دەکەنەوەو دەیانەوێ ئەم رووە درێوو تاوانکارانەیەی ئیسلام بشارنەوە.

هەروەها قەدەغەکردنی تیرۆری ژنان بە بەهانەی (غسل العار) هەنگاوێکی باشە، بەڵام هێشتا ئەمە نە مافەو نە هەموو کێشەیەکی ژنانە. ئەوەی کە لە سەدەی بیستو یەکدا دەبێ هێشتا باسی ئەوە بکەین کە کوشتاری ژنان بەم بەهانە پوچانە قەدەغەیە، نیشانەی گەندەڵیو دژی ئینسانی بوونی سیستەمی مەوجودە. بەڵام کۆمۆنیزمی کرێکاریو بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان لە خواستەکانی خۆیان نایەنە خوارەوەو تەنیا بە لە ژێرپێنانی ناموسو (غسل العار) ڕازی نابن بەڵکو دەبێ یاساکانی سزادانو ئەحوال شخصی بە تەواوی تورهەڵدرێنو لە جێگایاندا یاسای یەکسانی مافی ژنانو پیاوان لە هەموو بوارەکاندا دابنرێت.

***ئەم بابەتە لە ژمارە ٤٥ی ٢٠٠٢/٩/١ی "ئۆکتۆبەر- بڵاوکراوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق"ەوە وەرگیراوە.**

# کوشتنی ژنان لە نێوان: جاڕوجە نجاڵی ئیعلامی و ڕێگاچارەی واقعی دا..!

## (لە پەراوێزی بڕیارەکەی حکومەتی پارتی سەبارەت بە کوشتنی ژنان)

بەختیار عزیز

### بەشی یەکەم:

ڕۆژی ٥-٨-٢٠٠٢ سەرۆکی حکومەتی پارتی لە هەولێر کۆبونەوەیەکی بە وەزیرەکانی کرد. تەوەرەی ئەم کۆبونەوەیە بە پێی ڕاگەیاندنی خۆیان تایبەت و تەرخان بوو بە دیاردەی کوشتنی ژنان بە ناوی غسل العار و ڕێگای کۆتایی پێ هێنانی. لەم بارەیەوە کۆبونەوەکە بڕیاری دا تا ئەو کاتەی پرۆژەیەك دەخرێتە بەردەم پارلەمان سەبارەت بەم مەسەلەیەو بڕیاردان لەسەری، کار بەو یاسایانەی دەورانی بەعس نەکرێت کە ڕێگە بەم تاوانە دەدەن. بە تایبەتی مادەی ١٢٨ لە یاسای سزای عیراقی ساڵی ١٩٦٩.

لە دوای ئەو کۆبونەوەیەوە پارتی هەوڵی داوە بەرپرسانی خۆی لە مەیدانە جۆراوجۆرەکان هەڵخرینێ بۆ پڕوپاگەندە کردنی ئەم بڕیارە، هاوکات زۆر لایەن و کەسی تر لەم بارەیەوە قسەوباسیان کردەوە. ئەوەی زیاتر بە ڕادەیەك شەقامی داگرتووەو تەغتیەی ئیعلامی کردووە، دام و دەزگاکانی خودی پارتی و قسەو باس و گفتوگۆی بەرپرسانی پارتی یە، هەر لە سەرۆك حکومەتەوە تا دەگاتە وەزیری دادو دادوەرەکان و مەلا و وەزیرەکانی و مافناس و ڕیزێك لە قەڵەم بە دەست و قسەکەرانی تری.

هەڵبەت دوو ساڵیك لەمەوبەریش یەکێتی نیشتمانیش بە هەمان کار هەستاو هەمان کەمپەینی ڕاگەیاندنی بەڕێ خست تا ئەو ڕادەیەی جلال تاڵەبانی ڕای گەیاند کە ماڵەکەی کراوەیە بۆ هەموو ئەو ژنانەی کە هەڕەشەیان لەسەرە.

ئێستاش پارتی و دەسەڵاتەکەی و بەرپرسانی لە کوردستان و لە دەرەوەش هەمان کەمپەینیان بەڕێ خستووە. هەروەك یەکێتی وەك ئەوەی ئەوان پەیان بەم تاوانە بردوەو هەر بەمان و بە بڕیارەکانی ئەمانیش ئەم دیاردەیە کۆتایی دێت. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە هەم لە خودی بڕیارەکەی پارتی و هەم لە بەڕێ خستنی جارو جەنجاڵە ئیعلامی یەکەی ئەوەیە، کە ئەوان بە دانسقەش نەچونە بەلای فاکتەری سەرەکی ئەم دیاردەیە و ڕێگا چارەی یەکجارەکی. بۆیە هەم بڕیارو هەم کەمپەینەکەیان لە چوارچێوەی جاڕوجەنجاڵی ئیعلامی تێپەڕ نابێت و تەنها بۆ ئیستهلاکی بازارە و بە هیچ شێوەیەکیش ناچن بەلای چارەسەری ئەم تاوانەدا.

بەڵام لایەنی ئیجابی لەم کۆڕو کۆبونەوەو بڕیارو کەمپەینەدا تەنها دەکرێت ئەوە بێت کە ئێستا ئەمانە بەم هەنگاوانەیان قسەی بزوتنەوەی یەکسانی خوازی و ئازادخوازی‌و لەسەرو هەمویانەوە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریان سەلماند کە ١٠-١٢ ساڵە لەبەرامبەر ئەم کوشتنی ناموسی‌یەی ژناندا ڕاوەستاوە، وە دەبێتە دەروازەیەك بۆ زیاتر چونە مەیدانی شەڕی سیاسی بزوتنەوە کۆنەپەرستەکان و حزبەکانیان بە ئیسلامی و قومی و یاساو دابو نەریتەکانیانەوە.

وەك ئاماژەم پێدا بۆ سەلماندنی ئەم قسانە وا پێویستە کۆمەڵێ ڕاستی کە پەیوەندن بە مافەکانی ژنانەوە باس بکەین و پاشان ئەو ڕاستی‌یانە بەراورد بکەین لەگەڵ ئەو قسەو هەنگاوانەی کە دەسەڵاتداران دەیانەوێ بینین.

لە ڕاستی دا چەوسانەوەی ژنان و بێ مافی موتلەق و بە مرۆڤ دانەنانیان و لەباشترین باردا کردنیان بە مرۆڤی پلە دوو و نیوەی پیاو و کەم ئەقڵ و کڕین و فرۆشتیان وەك هەر کالایەك و چوار ژنەو گەورە بە بچوك و تا ئەوەی براو باوك و پیاو دەکات بە خاوەنی ژن و دەیان شتی تر، ئەمانە بە درێژایی مێژووی چینایەتی بوونی هەبووە. مەسەلەیەك نی یە هەر لە خۆرا هاتبێتە ئاراوەو تەنها داب و نەریتێکی ڕووت بێت.

بێ گومان پێ بەپێی سەرهەڵدانی ئەم چەوسانەوەیەش وەك هەر چەوسانەوەیەکی تر، جولانەوەو خەبات و ناڕەزایەتی بۆ کۆتایی هێنان بەم چەوسانەوەیە کراوە، تا گەیشتۆتە سەردەمی ئەمڕۆ. یانی لە پاڵ ئەو جولانەوەو هێزو حزب و گروپ و دەستەو تاقمانەی کە فاکتەری ئەسڵی بوونە لە چەوسانەوەی ژناندا، هاوکات لە هەر دەورانێکی مێژوویشدا جولانەوە سەرەکی و ڕادیکاڵەکانی سەر بە چینی سەرەکی بەرهەم هێنەر لە هەوڵی کۆتایی هێنان بە چەوسانەوەی ژنانیش بووە. باشترین و باڵاترین نمونەی ئەم جولانەوانە لە سەدەی هەژدەو نۆزدەوە سەری هەڵداوە. بانگەوازی گەورەی کردووە بۆ کۆتایی هێنان بەم چەوسانەوەیە و یەکسانی تەواوی ژن و پیاو. پاشان لەگەڵ شۆڕشی گەورەی فەرەنسەدا گەورەترین ئاڵوگۆری مێژوویی لە کۆمەڵگادا ڕووی دا و بۆ یەکجاری کۆتایی بە سەدە تاریکەکانی هات، کە تیایدا دین دەورە سەرەکی‌یەکەی کۆتایی هات و خرایە پەراویزی کۆمەڵگەوە. ئەمەش خۆی لە خۆی دا هەنگاویکی گرینگ بوو لە رزگاری ژنان و بەدی هینانی مافەکانیان. هەڵبەت یەك مەسەلەی زۆر گرینگ ئەوەیە، کە ئەوەی شۆڕشی گەورەی فەرەنسی گەیاندە ئەو ڕادکالیزمە، بوونی چینی کرێکار بوو وەك چینیکی تازەهەڵچوی پاڵ بۆرژوازی لە دژی دەرەبەگایەتی. بەڵام بۆرژوازی بۆ قازانجە ئابوری و سیاسی یەکانی ناچار بوو لە ژێر فشاری چینی کرێکاری تازە هەڵچوو دەست بۆ ڕیشەیی‌ترین ئاڵوگۆڕ بەرێت کە مافی هاولاتی بوونی یەکسانە بۆ هەموو دانیشتوان.

بە مانایەکی تر شۆڕشی فەرەنسەو تەواوی شۆڕشە بۆرژوازی یەکانی تر لە ئەوروپا کارێکی هاوبەشی خودی بۆرژوازی و کرێکاران بوو. بەم شێوەیە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا بانگی ئازادی و یەکسانی و برایەتی ڕاگەیەنرا کە دروشمی ئەوکاتەی شۆڕشە بۆرژوازی‌یەکان بوو. بەم شیوەیە ژنانیش لە ڕووی یاساییەوە گەیشتن بە لانی کەمی مافەکانیان. لانی کەم لە ڕووی یاساییەوە یەکسانی ڕاگەیەنرا. بۆیە دەڵێم بە لانی کەم، چونکە هەتا ئێستاش لە سایەی ئەم سیستەمەدا ژنان بۆ یەکجاری ڕزگاریان نەبووە. لە باری عەمەلی یەوە چەوسانەوەیان لە ئەورپاش دا لەسەرە. بۆیە ئەمڕۆ ڕزگاری یەکجارەکی کەتۆتە سەر شۆڕشی سۆسیالیستی. باشترین پاسادان بۆ ئەوەی کە ئەم شۆڕشە دەتوانێ بۆ یەکجاری ژنان ڕزگار

---

پەیوەستن بە کوشتنی ناموسی‌یەوە. ئەوەی کە ئەم تەعدیلکرنانەش لە دەڤەری یەکێتی نیشتمانیدا چەندە جێبەجێ دەکرێن، ئەمە خۆی باسێکی سەربەخۆ دەخوازێ کە ڕەنگە لێرەدا کاتی پێویست بۆ ئەمە لەئارادا نەبێت. ١١ ساڵە کە بەم یاسایانە ژیانی هەزاران ژن کراوەتە دۆزەخ‌و ئەگەر ژنانێك شانسیان بوبێت‌و نەکوژرابن ئەوا بەپێی ئەم دابونەرێتە باوانە چەندین بەڵای دیکەیان لەرێیە؟

یاساکان لەهەر کۆمەڵگایەکدا دەورێکی کاریگەر ئەگێڕن، چونکە هەر کۆمەڵگایەك بە دارشتنی یاسایەك خەریکە بە هەموان دەڵێ دەبێ ئەم یاسا گشتی‌یە لەلایەن هەموانەوە ڕەچاو بکرێت، ئەگەر کەسێك ڕەچاوی نەکات ئەوا بەری پێ‌ئەگیرێت. لەشێوەی ئەمڕۆی کۆمەڵگاکاندا ئەوە دەوڵەت‌و دامودەزگاکانیەتی کە جێبەجێکردن‌و کۆنترۆڵی ئەمەیان لەسەرە. بەڵام لە کوردستان (باجارێ لەو باسە بگەڕێین کە بەڕاستی حیزبە دەسەڵاتدارەکان چەندە دەکرێ پێیان بڵێین دەوڵەت یان نا) هەر لەم ئاستەدا کە خۆیان ئیدعای دەوڵەت‌و حکومەتداری ئەکەن بەدرێژایی ئەم ١١ ساڵە ڕێگری سەرەکی بەردەم گۆڕینی ئەم یاسایانە بوون. ڕێگەم بدەن با نموونەیەك بهێنمەوە. ساڵی ٢٠٠٠ کاتێك بیستمان کە دەیانەوێ بارەگای سەنتەری پارێزگاری ژنان‌و ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرتان دابخەن.. ئەم جەنابانە دەیان گوت سەنتەری پارێزگاری ژنان بێ‌ئەخلاقی‌و لەشفرۆشی لە کۆمەڵگادا بڵاو ئەکاتەوە. ئەوان بەم پڕوپاگەندانەیان هەڵمەتی ئیعلامیی سیاسیی ڕەوتە ئیسلامی‌یەکانیان دە ئەوەندە برەوپێدا کە تا ئەو کاتە هەزاران ژنی کردبووە قوربانی، وە ڕێگایان بۆ پەلاماری ڕاستەوخۆ بۆ سەر ژنان، کوشتن‌و تیرۆری شەخسییەت‌و فتوادان لەدژی کەسانی سیاسی‌و ژنانی یەکسانیخواز فەراهەم کرد. هەتاکو ئەمڕۆش ڕەوتە ئیسلامی‌یەکان بودجەی زۆروزەبەند لە حیزبە ناسیۆنالیستە دەسەڵاتدارەکان وەرئەگرن‌و لە دەسەڵاتیشیاندا شەریکن. تا ماوەیەکی کەم پێش ئێستا کە دەست لەناو دەستی یەك لەدژی ئازادیخوازان‌و کۆمۆنیستەکان تیروشیریان دەسوو، بۆ چاودێریکی دەرەکی دەستنیشانکردنی جیاوازی نێوانیان کارێکی سەخت بوو. کوردستان زیندانێکی گەورەیە بۆ لاوان‌و، لەم نێوەدا ژنان قوربانیانی دەرەجە یەك پێکدەهێنن. دەروازەکانی کوردستان بەڕووی کۆمۆنیستەکان، ژنانی رادیکاڵ‌و ئینسانە یەکسانیخوازەکاندا داخراوە. یان دەبێ حیزبی دەسەڵاتدار بە هەموو شتێکی‌یەوە قبووڵ بکەیت یان هیچ مافێکت نییە. مافی ناڕەزایەتی‌و ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات لە ئارادا نییەو هەر کاتێك ناکۆك بیت لەگەڵ نەخشەکانیدا ئەوا نوسینگەی ڕێکخراوەکەت، یان دەزگاو دامەزراوە سیاسی‌و ئینساندۆستی‌یەکەت دادەخەن.

ئەو ڕێکخراوانەی ژنان کە لە ئێستادا لە کوردستان مۆڵەتی ڕەسمیی هەڵسووڕانیان پێدراوە، دروستکراوی دەستی حیزبە دەسەڵاتدارەکانن. نوێنەرانی ئەم ڕێکخراوانەی ژنان لە دەرەوەش خەریکی برەودان بە هەڵوێستی ناسیۆنالیستین لەبارەی وەزعی ژنانەوە. بۆ ئەوان هەمیشە مافەکانی ژنان لە پلەدی دووەمدا بووەو هەڵسەنگاندنیان بۆ وەزعی ژنان لە کوردستان هەڵسەنگاندنێکی ناواقعی‌یە. یەکێك لە هەڵسووڕاوانی ژن لە کوردستان دەیگێڕایەوە کە یەکێتی ژنانی سەر بە یەکێتی نیشتمانی "مەولودنامە"یەکی سازداوە کە خەرجێکی یەکجار زۆری تێچووە! ئەمە لە حاڵێکدایە کە سەدان ژن سەرگەردان‌و بێ‌سەرپەنان‌و بەدوای شوێنێکدا دەگەڕێن کە شەوی تیا ڕۆژ بکەنەوەو لە هەڕەشەی مەرگ‌و کوشتن بەدوور بن. ئەو پارەیەی کە لە ڕێکخراوە ناحکومی‌و نێونەتەوەییەکانەوە بۆ ئەم ژنانە بەدەستی دێنن، دەچێتە گیرفانی خۆیانەوەو بۆ خۆشگوزەرانی ئەم دەزگاو حیزبانە خەرج دەکرێت‌و تەنانەت خێرو مەولودنامەی ئەو دنیاشیانی پێ‌ئەکەن! بەڵام بۆ ئەو کەسانەی کە بیانەوێ ململانێی بۆچوونە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگای کوردستان لەپەیوەند بە وەزعی ژنان‌و خەباتیانەوە بزانن، مێژووچەی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لە کوردستانی عێراق‌و هۆکارەکانی داخستنی، بەڵگەیەکی ئاشکرای ئەم مەسەلەیەیە.

**یەکسانی:** وەزعی بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان چۆن ئەبینیت؟

**هەلالەی تاهیری:** تێڕوانینی من لەسەر کوردستان، تێڕوانینی ژنێکی سۆسیالیستە کە بۆ ڕزگاری ژنان کۆمەڵێك خواستی ماکزیمالیستی هەیە. ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە لە کوردستاندا ئەیبینین، بەهۆی بوونی یاسا دژی ژنەکانی ئەحوالی شەخسی‌و عقوبات‌و.. دەسەڵاتی ناسیۆنالیستەکان‌و بوونی فەرهەنگی عەشایەری، ژنان بەشێوەی جۆراوجۆر دەکەونە بەر دەستدرێژی‌و بێ‌حورمەتی‌یەوە. گۆڕینی ئەم وەزعییەتە لەگرەوی خەباتێکی جدی دایە لەدژی هەموو سەبەکارەکانی. هەرجۆرە ئاڵوگۆڕیکی ئەمڕۆو خەبات بۆ هەر زەڕڕەیەك باشبوون لە وەزعی ژناندا کاری هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی ژنانە. بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێتەوە کە ئەمە هەموو ڕێگاکە نییە. گۆڕینی ئەم وەزعییەتەو پێچانەوەی هەموو ئەم بێ‌مافی‌یانە ئەرکی شۆڕشێکی سۆسیالیستی‌یە.

بزووتنەوەی ژنان لە کوردستانی عێراقدا، هەروەکو باقی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکانی دیکە، مەیلی جیاجیای تێدایە. لەم بزووتنەوەیەدا دەکرێ هەر لە ڕاستی توندڕەوەوە تا دینی‌و ناسیۆنالیستی‌و سۆسیالیستی بدۆزیتەوە. بێگومان بەدیلی ئەوان جیاوازە. مەیلی سۆسیالیستی ئامرازو نوێنەرانی خۆی هەیە، کە بڵاوکراوەکەی ئێوە یەکێکە لەم ئامرازانە. لەبارەی مەیلەکانی دیکەوە لەوەڵامی پرسیاری پێشوودا هەندێکم باسکرد. سەرباری هەموو گوشاری حیزبە ناسیۆنالیست‌و ڕەوتە دواکەوتووە عەشایەری‌و دینی‌یەکان کە هەمیشە ڕێگری بەردەمتان بوون، ئەمڕۆ ئەبینم کە ئێوە هەروا ڕاوەستاوانە درێژە بەکارەکانتان ئەدەن. کاریگەری کارو چالاکی‌یەکانی ئێوە بەسەر کۆمەڵگاوەو فشاری ئێوە لەسەر کۆنەپەرستی‌و حیزبە ناسیۆنالیستەکان بەئاشکرا دیارە. سەرکەوتنتان بە ئاوات ئەخوازم!

# چالاکیەکانی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لەشاری هەولێر

* ڕۆژی ١٠/٥ یەکیتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عیراق کۆڕێکی بۆ ساکار ئەحمەد ئەندامی لیژنەی بالای ریکخراو ساز کرد لە ژێر ناوی "ئافرەت لەدیدی کۆمەلگادا" کە جەماوەریکی فراوان لە ژن و پیاو ئامادەی کۆرەکە بوون. شایانی باسە کۆرەکە دوو سەعاتی خایاند و ژمارەیەکی زۆر لە ئامادەبووان سەرنج و پیشنیاری خۆیان خستە روو.

* ڕۆژی ١٠/٩ ساکار ئەحمەد ئەندامی لیژنەی بالا و چیمەن عەلی ئەندامی ریکخراو لە هۆتیلی چوارچرا چاویان بە وەفدیکی حکومەتی سویدی کەوت کە پیکهاتبوون میگناس ریدین مسوولی وەفدەکەو ئەنیتائینشتر و تۆشتن هیگلۆند کە دانیشتەکەیان زیاتر لە دوو سەعاتی خایاند. قسەو باسەکان لەسەر ئەو پیشلکاری و مامەلە نائینسانیانە بوو کە بەرامبەر بە ژنان دەکریت، هەروەها ریگرییەکانی حزبی دەسەلاتدار لەبەردەم ریکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و حزبی کومونستی کریکاریی عیراق.

* ڕۆژی ١٠/١٠ رۆژنامەی میدیا چاوپیکەوتنیکی لەگەل ساکار ئەحمەد ئەندامی لیژنەی بالای ریکخروای سەربەخۆی ئافرەتان سەبارەت بە کیشەکانی ژنان لە کوردستانو بە تایبەتیش جیا بوونەوە، سازدا.

بکات شۆرشی ئۆکتۆبەر بوو، کە دەستی برد بۆ ڕیشەیی ترین ئالۆگۆر لە کۆمەلگادا و مافی یەکسانی ژن و پیاوی ڕاگەیاند. وە تا ئێستا، کە قسەو باس لەسەر مافی یەکسانی ژنان دەکرێت و قسە لەسەر ئەم جولانەوەیە دەکرێت یەکسەر باسی ئەلیکساندرا کۆلنتایو ڕۆزا لۆکسەمبورگ و کلارا زیتکین و دەیانی رابەری تری ژنان دەکرێت. تەنانەت بەهۆی ئەم جولانەوە یەکسانی خوازەوە بوو کە ٨ی مارس وەك رەمزی خەبات و نارەزایەتی هاوبەشی جهانیی ژنان سەری هەلدا.

کەواتە بەم کورتە باسە سیاسیە مێژوییە دەگەینە ئەوەی کە چەوسانەوەی ژنان مەسەلەیەکی فیزیکی نییە. بەلکو فەلسەفەی ئەم چەوسانەوەیە چینایەتی یە و چینە کۆمەلایەتییە کۆنەپەرستەکان و جولانەوەکانیان لە هەر دەورانێکدا لە پشتی یەوە وەستاون. بۆ نمونە خاوەن کۆیلەکان و دەرەبەگەکان لە سەدەکانی ڕابردوو و وە بۆرژوازیش لەم یەك دوو سەدەیە. وە کێشمە کێشی نێوان ئەم چینانەش هەمیشە فاکتەر بوونە بۆ سەرهەلدانی جولانەوەی تایبەت و دیاردەی تایبەت. نەك هەر ئەمە بەلکو بەهۆی ئەم کێشە چینایەتی یانەوە چەندین دیاردەی تر سەری هەلداوە. تەنانەت ئاینەکانیش کە دەورانێك لە خانەی ئەفسانەدا بوون بەهۆی ئەم کێشەو مل ملانێ یەوە بوون بە دیادەیەکی کۆمەلایەتی-سیاسی. لە ئاستی ئەفسانەو بیری ڕووتی میتافیزیکییەوە دەرچون و خەریکی نەخشە دانان بوون بۆ کۆمەلگا. بۆ نمونە ئەگەر بیروباوەری دینی لە چاخە بەردینەکاندا تەنها دیاردەیەکی ئەفسانەیی بوو، تەعبیری لە دەستە پاچەیی مرۆڤ کردووە لەبەرامبەر سروشتدا، لەگەل سەرهەلدانی چینە کۆمەلایەتی یەکان هەمیشە ئامرازێکی دەستی چینی دەسەلاتدار بووە بۆ مانەوەی. ئەم واقعەیەتە ئەمرۆ لە سەدەی بیستەم، بە تایبەت لەم نیو سەدەیەی ڕابردوو لە رۆژهەلاتدا زۆر زەق و ڕۆشنە. چونکە وێرای ئەوەی دەورانێك جولانەوە یەکسان و ئازادیخوازەکان ئالوگۆریان بەدی هیناو زەربەیان لە دین دا بەلام ئەمرۆ دەبیین دووبارە دەیەوێ کۆنترۆلی کۆمەلگا بکات و لە هەولی دەسەلاتدایە و هاتۆتە سەنتەری کۆمەلگاوە. دیارە بمانەوی و نەماوێ کاتێ ئەم جولانەوە کۆمەلایەتییانە نەخشە بۆ کۆمەل دادەنێن داب و نەرتیش لەگەل ئەو نەخشانە خود بەخود رەنگ ڕێژو جێگیر دەبن. بۆیە باس کردن لە داب و نەریت وەك شتێکی ڕووت قسەی پوچە. چونکە وەختێ دەلێین دین دەوری هەیە لە چەوسانەوی ژنان و کوشتنی دا، دەسەلاتداران وەك ئێستا دەلێن نەخێر داب و نەریت دواکەوتوانەیە. وەختێ دەلێین داب و نەریتی قومی و دینی دەوری هەیە دەلێن نەخێر داب و نەریت پەیوەندی نیە بە مانەوە. وەختێ دەلێین دەبێ یاساکان بگۆرن چونکە رەگیان لە دینەوەیە، دەلێن یاساکان و دابو نەریتەکان هی بەعس وعەرەبن. تەنانەت هەندێ وورده ناسیونال رۆشنبیر هەیە دەلێ کوشتنی ژنان داب و نەریتی کوردەواری نی یە و هی میللەتانی ترە ! !. لە ڕاستی دا ئەم جۆرە بەهانە هینانەوانە هەموو قسەی پوچن. مەسەلەکە ئەوەیە کە خاوەنەکانیان یان پەی بەو فاکتەرانە نابەن کە لە پشت ئەم چەوسانەوەیەیە یان پەی پێ دەبەن بەلام دەیانەوێ خەلك بەرلارێدا بەرن.

دین و ناسیونالیزمیش وەك دوو دیاردە و دوو جولانەوەی کۆمەلایەتی بالا دەست لە ئاستی جیهاندا، بە تایبەتی لە وولاتانی بەناو جیهانی سیهەم، نەك هەر دەوریان هەیە، بەلکو کۆلەکەی راگرتنی ئەم چەوسانەوەیەن. هەر ئەوانیشن کە یاساو بریار و داب و نەریت دادەنێنن و دەسەپێنن.

هەلبەت لەبەرامبەر ئەم جولانەوە کۆنەپەرستەو چەوسانەوەکانیان، جولانەوەی یەکسانی خوازی ژنانیش لە رۆژهەلات و رۆژئاوا بۆتە جولانەوەیەکی بالفعل و بالقوە و خاوەنی بەدیلی سیاسی خۆی.

جا وەختێ هەر کەسێکی یەکسانی خواز ئەم بریارو کەمپینە ئیعلامی یەی ئەمرۆ پارتی بەرێی خستووە، دەبینێ، کە ووتار بێژانی بریتین لە مەلا و فەقی و وورده ماف ناس، یەکسەر ئەو ناکۆکی یە ڕیشەییەی بۆ دەردەکەوێ کە مەلاو ئەو رۆشنیرە روالەتیانەی کە بە "بسم الله" دەست دەکەن بە بەرگری کردن لە مافی ژنان و یەکسانی، کوجا مەرحەبا.

باس کردن لە مافی ژنان و کۆتایی هێنان بە کوشتن، بە هێنانەوەی ئایەت و حەدیس لەسەر زاری سەرۆکی حکومەت و فلان ماف ناس و فیسار مەلا و وەزیری داد و ئەوقاف و فلان ژنی کاربەدەستی بالا لە حکومەت کۆتایی پێ نایەت. بۆیە زۆربەی هەر زۆری ئەو قسانەی کە کراوە لە چوار چێوەی ئەم کەمپەینەدا، بە تایبەتی قسەی کاربەدەستان، هیچیان خزمەت بە مافەکانی ژنان ناکەن و بگرە چاوی ژنان و کەسانی سادەی پێ دەبەستن. ئەمە لە مەغزای ئەو قسانە دەردەکەوێ، کە هەمویان تا ئێستا، ژن وەك بونەوەرێکی سەربەخۆ لە پیاو نابینن. وە تایبەتمەندییەکان و مافەکانی وەك مافی بێ قەید و شەرتی مرۆڤ چاو لێ ناکەن. حەساس ترین مەسەلە کە مەسەلەی سیکسی یە، چ بۆ پیاو چ بۆ ژن، وەك کاری تایبەتی هەرکەسێك تەماشا ناکەن. بەلکو ئەخیرەن هەر دەیبەستنەوە بە یاسا و داب و نەریت و دین و نەتەوەو نیشتمانەوە. تەنانەت ئەو وردە رۆشنبرانەی کە بە حیسابی خۆیان بەرگری لە مسەلەی ژنان دەکەن وەختی دێنە سەر قسە لە شەرەف و ناموس ئەخیرەن دەلێن شەرەف و ناموس بە تەنها لەگەل ئافرەت نی یە لەگەل پیاویشە. یانی دووبارە شەرەف و ناموس ئەو دەستەواژەیەیە کە بە مانای سیکسی نیوان ژن و پیاو دێت. تەنانەت کە قسەکە دیتە سەر شەرەف و ناموس بۆ نیشتمان هەر سەرچاوەکەی دەگەرێتەوە بۆ ئەو تیروانینە بۆ سیکس. هەروەك چواندنی نیشتمان بە دایك وخوشك ومیینە. وە هیچ کات نیشتمان نەچواندراوە بە باوك و برا و نیرینە. بە کورتی سەری هەموو ئەم جۆرە لیکدانەوانە و دید و بۆچونانە بەیەکەوە بەستراونەتەوەو لە رەگەوە سەر بە ئایدیۆلۆژیای چینی بالادەستن.

دریژەی هەیە.

پاشماوەی

## پارتی لەژێر ناوی بنەبڕکردنیدا..

پارتی دیموکراتی کوردستان ئەیەوێت بە ئاسانیو سادەیی ئەم پرۆژەیە بە پرۆژەی بنەبڕکردنی کوشتنی ژنان بە ناوی غسل العارەوە بناسینی. پارتی بۆچی دەیەوێت ئەم بەرگە بپۆشێت، بە تایبەت لە بلاوکراوەو کەنالەکانی ڕاگەیاندندا؟ پارتی دەیەوێت ئەم بەرگە نیشانی وولاتانی ئەوروپاو ئەو سەدان رۆژنامەنووسو رێکخراوی ژنان و کەسایەتیانە بدات کە ماوەی رابردوو بە گرنگیەوە سەبارەت بە کوشتنی ناموسی لە کوردستانی عێراق دواونو وەختێك لە دەمی هەلسووراوانی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانەوە ئاگاداری قانوونەکانی کوردستانی عێراقو ئەو ژمارە زۆرو سەرسوڕهێنەرە لە کوشتنی ناموسی بوون لە کوردستانی عێراق کە لە کەم شوێنی دنیادا ئەو ژمارەیە لە کوشتاری ژنان بەرچاو دەکەوێت، بوون بە هاودەردو هاوخەباتی ژنانی کوردستانو رەخنە گری دەسەلاتەکەیانو تەنگیان پێ هەلچنیوون. بەتایبەت بە دوای کوشتنی چەند ژنی کورد لە وولاتانی ئەوروپاییدا یان گەڕاندنەوەیان بۆ کوردستانو کوشتنیان لەویو تەقاندنەوەی ئەم مەسەلەیە لە میدیاکانداو دەرکەوتنی هەلسووڕاوانی بزووتنەوەی ژنان لەم باسانەدا.

پارتی دەیەوێت ئەم رەخنانە لە کول خۆی بکاتەوە، روو بەدەرەوە نیشانی بدات کە دەسەلاتی ئەو هۆکارێك نییە بۆ کوشتاری ژنان لە کوردستانی عێراقدا و ئەو چەند هەزار ژنەی کە لە کوردستانی عێراقو بەبەرچاوو لە سایەی دەسەلاتەکەی ئەودا خەلتانی خوێن کراون ئەم لێی بێ بەرییە، بەلام هاوکات دەیەوێت یاساکان دەست لێ نەداتو بناغەی ئەو یاسایانە کە "ئیسلامی پیرۆزە" ڕابگرێتو بە دەست لێ نەدراوی بیهێلێتەوە. ئەمە کارێکە بە هیچ شێوەیەك لە توانای هیچ کەسو دەسەلاتو هێزێکدا نییە، مومکن نییە کەسێك بلێت من لە فلانە کومەلگادا هەولدەدەم مافەکانی ژن دابین بکەم، بەلام ئەوە بۆی براوە بێت کە لەو کۆمەلگایەدا یاسای ئیسلام بەڕیوە بەرێت چ جای لە کوردستانی عێراقدا کە تیایدا گیانی هەزاران ژن بۆتە قوربانی یاسا نا پیرۆزو پووچەکانی ئیسلام، کە بە پێی ئەم یاسایانە پارتی بۆ دارشتنی ئەم پرۆژەیەی راوێژی بە مامۆستایانو زانایانی ئیسلامیو مەلاکان کردووە ! جێبەجێ کردنی پرۆژەکەشی بەوان دەسپیریو هەروەها رووداکاتە ئەوان کە هوشیاری لە کۆمەلگادا لەم باریەوە بلاوبکەنەوە، بەڕاستی تەنها بینینی پرۆژەکەیان لەم گۆشەنیگایەوە بەسە بۆ تێگەیشتن لێی، ئەو مامۆستاو زانا ئیسلامیو مەلایانەی کە بەراویژی ئەوان ئەم پرۆژەیە هاتووتە دەرەوەو قەرارە ئەمانە هوشیاری سەبارەت بە مافەکانی ژنان بلاوبکەنەوە، هەر ئەو کەسانەن کە بەفەرموودەو فەرمانو راوێژیان ژنان لە کوردستاندا کوژراون، ئەوانەن کە هەموو رۆژێکی هەینی لە مینبەری مزگەوتەکانەوە ناشرینترینو بێ نرخترین قسە بەرامبەر بە ژنان دەکەن، بە (ناقص العقل) ناویان دەبەنو کەرامەتیان دەخەنە زەوی، فتوای کوشتن دەردەکەنو زانیاری سەبارەت بە چۆنیەتی لێدانی ژنو ئەشکەنجەدانی بلاودەکەنەوە. بۆیە ئەم پرۆژەیەی پارتی ناتوانی وەلامی بچووکترین خواستی جەماوەری ژنانی ناڕازی و یەکسانیخواز بداتەوە. وە ئەم پرۆژەیە نەك هەر نزیکایەتی نییە لەگەل خەباتو بەرنامەی ئێمەی ئازادیخوازو یەکسانخوازو بزووتنەوەی یەکسانخوازی ژنان لە کوردستانی عێراقدا، بەلکو ئەم پرۆژەیە بۆ کپ کردنەوەو خامۆش کردنی دەنگی ئەم بزووتنەوەیەو خواستەکانیەتی، بۆ بێدەنگ کردنی بزووتنەوەیەك کە چەندین سالە لە کوردستانی عێراقدا تیدەکۆشێ بۆ گۆرینی یاساو دوور خستنەوەی کاریگەری دین بەسەر یاساکانەوەو جیگیر کردنی یەکسانی بێ ئەملاوئەولای ژنو پیاوو ئازادی بێ قەیدو شەرتی ژن لە یاساو ژیانی کومەلایەتیو واقعی ئینسانەکاندا.

ئێمە زور دەمێکە رامانگەیاندووە، وە ئێستاش دووپاتی دەکەینەوە، بۆ ئەوەی کوشتاری ژنان لە کوردستانی عێراق کۆتایی پێ بهێنرێت، بۆ ئەوەی شەخسیەتو کەرامەتی ژنان پاریزراوبێت، بۆ ئەوەی سنوورێك دابنرێت بۆ ئەو توندو تیژیە بێ وێنەیەی کە بەرامبەر بە ژنان پیادە دەکرێت، ... دەبێت بە فەوری:

١- دین لە دەولەتو قانوونو پەروەردە جیا بکرێتەوەو وەك کاری تایبەتی ئینسان چاوی لێبکرێت.

٢- بەرۆشنیو بێ هیچ ئەملاوئەولایەك کوشتنی ژن بە هەر بەهانەیەکەوە بێت قەدەغە بکرێتو وەك هەر کوشتنێکی تر چاوی لێبکرێت. وە ئەو کەسانەی کە لە رابردوودا هەلساون بە کوشتنی ژنان، لە دادگای ئاشکرادا سزای تاوانەکانیان وەربگرن.

٣- یاسای ئەحوالی شەخسی و یاسای سزای عێراقی دەبێت هەلوەشێنەوەو لە جێگایاندا قانوونێك دابنرێت کە یەکسانی تەواوی ژنو پیاو دابین بکات (رێکخراوی سەربەخوی ئافرەتان پرۆژەی خۆی لە ژێر ناوی قانوونی یەکسانی ژنو پیاودا لەم بارەیەوە خستۆتە ڕوو)

٤- .....

# وەڵامێك بە قسەکانی سکرتێری یەکێتی ئافرەتان

ساکار ئەحمەد

لە ناوەراستی مانگی ئابدا تەلەفزیونی گولان چاوپیکەوتنیکی لەگەل سکرتیری یەکیتی ئافرەتان ئەنجامدا، سەبارەت بەو گۆرانکاری‌یەی دەسەلاتی پارتی لەچوارچیوەی قانونی عقوباتدا کردوویەتی. بە هەلوەشانەوەی برگەکانی تابیەت بە تیرۆر و کوشتنی ژنان بە بیانووی ناموس پەرستی (غسل العار)و بریاردرا کە هەر کەسیك بەهەر بیانوویەکەوە ژن بکوژیت بە تاوان دادەنریت. سکرتیری یەکیتی ئافرەتان ئیشارەی بەوەدا ئەو گۆرانکاری‌یەی لە قانونی عقوباتدا کراوە لە ئەنجامی فشاری دەرەوە بۆ سەر سەرۆکی حکومەتی کوردستان بووە، ئەمەش لە ئەنجامی حزب و کەسانیکی ناحەز بە گەلی کورد کە قسەو قسەلۆك و درۆی زۆریان بۆ دەسەلاتی کوردی دروست کردوە، بە بیانووی ئەوەی لە ژیر دەسەلاتی کوریدا ژن دەکوژریت. هەر هەمان سکرتیرەکەی یەکیتی ئافرەتان لە شەوی٩/٨ی مانگی ئەیلولدا کە لە میزگردی تەلەفزیۆنی گولاندا بەشدار بوو ئەمجارە بە پیوانەی ١٨٠پلە بە پیچەوانەی قسەکانی پیشوویەوە وتی ئەو گۆرانکاری‌یەی لە قانونەکانی عقوباتدا کراوە لە ئەنجامی خەباتی یەکیتی ئافرەتانی کوردستانەوە بووە! ئەگەر هەر کەسیك ئەو دوو قسە جیاوازە بخوینیتەوە چەند سەرنجیك لەلای دروست دەبیت، من لێرەدا چەند سەرنجیکی خۆم سەبارەت بە و قسانە دەخەمە روو.

لیرەدا سکرتیری یەکیتی ئافرەتان ناراستەخۆ قسەکانی ئاراستەی ریکخراو و حزبی ئیمە کردوە ئیمە بە ناحەزو.... دادەنیت کە فشارمان لە دەرەوەی کوردستان دروست کردوە بۆ سەر دەسەلاتدارانی ناسیونالیزم. سەبارەت بە تیرۆرو کوشتنی ژنان بە بیانووی ناموسپەرستی ئەگەر هەر حزب و لایەنیك هەتا کەسایەتیەك خۆی بە خاوەن جەماوەری کوردستان نەزانیت نایەویت قۆلی خەباتی لیهەلمالی بۆ ئیصلاح‌و گۆرانکاری لە وەزعی کۆمەلایەتی، بۆ گۆرینی یاسای کۆنەپەرست ودواکەوتووی رژیمی بەعس و دابونەریتی دواکەوتووانەی نیو کۆمەلگای کوردستان... ئیمە کاتیك ووتمان : دەبیت دەستی تیرۆریستان و بکوژانی ژنان بە بیانووی ناموس پەرستی کۆتا بکریت، (کوشتنی ژن بە هەربیانویەکەوە بیت دەبیت بە تاوان دابنریت) دەبیت ژنان وەك هەر تاکیکی کۆمەلگا بە بی جیاوازی مافی ئینسانیان پیبدریت، مافە بەرهەقەکانیان دابین بکریت لە هەموو بواریکی ژیاندا. بەلام ئیوە و حزبە ئیسلامی‌یەکان‌و باقی لایەنە کۆنەپەرستە دژ بە ژنەکان کەوتنە سەرزەنشت کردنی ئیمە کە ئیمە دیفاع لە بەرەلایی و بی ئەخلاقی دەکەین، باس لە گۆرانکاری موقەدەساتیك دەکەین کە دەستکاری کردنی بقەیەو هەرگیزاو هەرگیز نابیت دەستکاری بکریت، یان باس لە کوشتنی ژن دەکەین و... باس کردن لەو شتانە نامۆن و لادانە لە فەرهەنگی خۆمالی، لادانە لە داب و نەریت، حەیای کوردی پیدەچیت بە تایبەتی لە راگەیاندنەکانی دەرەوەو ... لەو بابەتانە. ئیمە چەندین سالە لە کوردستان بە کۆرو سیمینار ومیزگردو رۆژنامە ئەو دیاردە دژی بەشەرییانەمان هەر لە تیرۆرو کوشتنی ژنان و ناچارکردنی ژنان بە خۆسووتاندن و پلە دوویی و کۆیلە کردن و کرین و فرۆشتنی ژنان و.... شیکردۆتەوە، یاسای کۆنەپەرستی رژیم، پیاوسالاری، تاوانباران و بکوژانی ژنان، فەرهەنگی دواکەوتووی کۆمەلگا ریسواو محکوم کردوە. چەندین جار بانگەوازی یەکیتی‌یەکەی ئیوەمان کردوە بۆ دەست خستنە ناودەست بۆ لابردنی ئەو پەڵە نامۆیە، کە ئەو تارماییە تاریکە تورهەلدەین کە بە سەر سەری ژنانەوە راگیراوە، کە ژنانی بە کۆیلە و پلە دوو ناساندووە. ژنان نە خواست و دەستیان لە دامەزراندنیدا بووە و نەخوازیاری مانەوەشین بەسەر سەریانەوە. ژنانیك بە یاسا مامەلەی نائینسانییان لەگەڵدا بکریت، بە کۆیلە وپلە دوو سەیر بکرین، نەزم و نیزامی کۆیلایەتیان بەسەردا بسەپێنرێت، دەخالەت لە ژیانی رۆژانە و مامەلەو هەلسوکەوتیاندا بکریت بیچەوسێنەوە، دەبیت ئەو یاسایە موقەدەسێتی‌یەکەی لە کوێ بیت؟ بۆ هەلوەنەشیتەوە؟ بەلام ئیوە نەك هەر لەگەل ئیمە بەشدار نەبوون بەلکو ریگریەکی جدی بوون و پروپاگەندەکانی رەوتی کۆنەپەرستی ئیسلامیتان بلاودەکردەوە، هەمان قسەکانی ئەوانتان پەخش دەکردەوەو پەرەتان بە کۆیلە بوونی زیاتری ژنان دەدا، خۆیندنەوەی مەولودنامەکان شاهیدی جۆری خەباتەکەتانە. لە سالی ١٩٩٨ لە ژیر دەسەلاتی ئیوە فتوای کوشتنی ئیمە دەرکرا ( هەر لەسەر ئەودیاردە کۆنەپەرستانە کە ژنانی ستەمکیش و بی ماف کردوەو تۆ ئیستا شانازی بەدەست هینانی گۆشەیەکی بچووکی ئامانجەکە دەکەیت). لەسەر فتوای مەلای کۆنەپەرست و دژە ژن (مەلابەشیر)و لە ئاکامی هیرشی تیرۆرستانی ئیسلامی بۆ سەر بنکەکەمان دوو کەس لە رابەرانی حزبی کومونیستی کریکاریی عیراق لەلایەن ئەو دەستەوتاقمە تیرۆریست و کۆنەپەرستەوە گیانیان لەدەستدا، بەلام ئیوە نەك نەکەوتنە راوەدوونانی مەلای کۆنەپەرست و تیرۆریستانی ئیسلامی و بکوژانتان رووبەرووی دادگای عادیلانە نەکردەوە، نەك پشتیوانیتان لە خەباتی ریکخراویك نەکرد کە رووبەرووی هەموو کەلتوریکی دژەژن و دژە ئینسانی بۆوەتەوە، بەلکو کارتان راوەدونانی ئیمەبوو کە داوای مافی یەکسان‌و ئینسانیمان بۆ ژن دەکرد و داواکاریەکانی ئیمە لە نەزەری ئیوە و رەوتە ئیسلامی‌یەکانەوە تاوان بوو. بۆیە دەرگای بارەگاکەمانتان داخست‌و کلیلەکەی چووە گیرفانی ئاسایش، رۆژنامەی یەکسانی کە تاقە بلندگۆی نارەزایەتی ژنان و ریکخراوەکەمان بوو بە بریاری پەرلەمانی ئیوە قەدەغە کرا. لەم نێوەدا دەنگ و نارەزایەتی تۆ بۆ کیشەی ژنان کوا؟ ئەگەر تۆ خۆت بە خەمخۆری کیشەی ژنان بزانیبایە دەستت دەخستە ناو دەستمان‌و لەگەڵ ئیمەدا کۆنەپەرستانی دژ بە ژنت ریسوا و محکوم دەکرد. بەلام هەر لەسەرەتاوە هەتا ئیستا کیشەی بێ مافی ژنان یەخەو بەرۆکی تۆی نەگرتۆتەوەو شانی خۆت لی خالی کردوەو لە ئاست تیرۆرو رەشەکوژی ژناندا بیدەنگیت. کاتیك پرسیارت لیدەکەن ئیوە وەلامتان بۆ ئەمانە چی‌یە لە وەلامدا بیدەنگن بەلام لە نیو خۆتان بە ئاشکرا دەلین دیفاع لە بی ئەخلاقی‌و بەرەلایی ناکەین! کاتیك لە دەرەوەی کوردستان پرسیاریان لە سەرۆکی حکومەتەکەی تۆ کرد کە لە ژیر دەسەلاتی ئەودا ژن دەکوژریت ئەو پیاو بوو نەیتوانی وەلام بداتەوە هەستی بەشەرمەزاری کرد لە ئاست بێ مافی ژنان بەلام تۆ وەك ژنیك وەك سکرتیری یەکیتی‌یەکەتان هەتا ئیستا هەر ئینکاری کوشتنی ژنان دەکەیت‌و دانی پیدا نانێیت، کۆنگرەی فەرەنسا بەلگەیەکی ئاشکرای ئەمەیە. کاتیك ئەندامانی ئیمە باس لە پیشلکاری مافی ژن دەکەن تۆ پەتی تەحەمولت دەپچریت‌و بە گێرەشێوێن و تیکدەرو .... وەلامیان دەدەیتەوە. ئەگەر تۆ لەگەل خواست و داخوازی ژنان بیت ئیمە بۆچی فشار لە دەرەوە دروست دەکەین‌و تۆ و دەسەلاتەکەت ناچار دەکەین دان بە بێ مافی ژناندا بنێین‌و گۆرانکاری لەو قانونانەدا بکەن.

هەر لە میزگردی شەوی ٨/٩ تەلەفزیۆنی گولاندا سکرتیری یەکیتی ئافرەتان ئیشارەی بەو گۆرانکاری‌یە کرد کە لە چوارچیوەی قانونی عقوباتدا کراوەو وتی ئەمە ئاکامی خەباتی یەکیتی ئافرەتانی کوردستان بوو کە چەند خالیکی بە هاوکاری ریکخراوەکانی تری ئافرەتان پیشکەش بە پەرلەمان کردوە. گریمان یەکیتی ئافرەتانی کوردستان ئەو چەند خاڵەی پیشکەش کردوە. بەلام بۆ یەکیتی ئافرەتان چەند سالە سەنگەریکی سەر سەختی بەرەو پیش چوونی بزوتنەوەی یەکسانی خوازی ژنان بوو ئەمرۆش چەند خالیك بە رەزامەندی مەلایانی کۆنەپەرست پیشکەشی بە دەسەلاتداران کردوە! ئیستا لە دەزگا ئیعلامی‌یەکان سوپاس و ستایشی زانایانی ئایین دەکەن کە ئەوان پالپشتی ئەو بریارە بوون. باشە ئەگەر مەلایانی کۆنەپەرست خەمخۆری بێ مافی ژنان بوون کە دەلین کوشتنی ژن لە شەرعدا نی‌یە بەلکو پیویستی بە چوار شایەت هەیە ئەو چوار شایەتەش حەتمی‌یە ئامادە بیت، لەکاتیکدا ئایاتت بۆ دیننەوە (ئەو ئایاتە بۆ رزگارکردنی عائشە بوو نەك گشت ژنان، لە ئەنجامی مانەوەی عائشە لەگەل صفوانی کوری مەعتەل کە شەو بەیەکەوە مابوونەوەو شاهیدەکان ئەوانەی ئەوانیان بینیبوو تەنها سێ شاهید بوون کە ئەمانە بوون (حسانی کوری سابت ، حەمنەی کوری جحش ، مستح) بۆیە بریاری چوار شایەت دانراوە بەلام لە چەند ئایەتی تردا دان بە رجم کردن و جەلدە لیدانی ژنی زیناکەرو داوێن پیس دراوە.

پەیرەوانی رەوتی کۆنەپەرست بۆ چەند سالە نارەزایەتیەکی بچوکیشان لە ئاست ئەو قەسابخانەیەی بۆ ژنانی کوردستان بە ریخراوە دەرنەبریووە. بەلکو هاندەرو بریاردەری بە ریخستنی ئەو قەسابخانەیە بوون.

چەندین سالە لەمناسبەتەکانی ٨ی مارس و ١ی ئایارو ...دا، ئیمە دروشمی یەکسانی هەمەلایەنەی ژن‌و پیاومان بەرزکردۆتەوە، قانونی یەکسانی ژن و پیاومان راگەیاندووەو چەندین کۆرو سیمینارمان لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان ساز کردوە، ئەم یاسای بەدیلەی خۆمان پیشکەش بە هەردوو دەسەلات کردوە. لەرێپێوانی ٨ی مارسی ساڵی ٢٠٠٠دا بە گشت ریکخراوەکانەوە یاداشتیکمان پیشکەش بە پەرلەمان کرد، هەر لە دوای یاداشتەکە (کە بەندیك لە یاداشتەکە داوای گۆرینی قانونی ئەحوال شەخسی‌و ئەو یاساو مادانەی کردووە کە مافی ئافرەتی پشیل کردوە) ئیمەو گشت ریکخراوەکان دوای چەندین کۆرو کۆبوونەوەی جۆراوجۆر لەم بارەگاو ئەو بارەگا، هەتا خودی یەکیتی ئافرەتانیش بەشداربوو و بەلکو سەرەتا کۆبونەوەکان لە بارەگای ئەو دانرابوو و لە دوو کۆبوونەوەدا نوینەری ناوەندی هاوبەشیان ئامادەبوو لە دارشتنی بەدیلی قانونەکە. بەلام ووردە ووردە پاشەکشەی کرد، ئیمە و گشت ریکخراوەکان دریژەمان بە دانیشتنەکاندا بۆ دارشتنی پرۆژەی بەدیلەکە و تەواو کردنی‌و گەیاندنی بە ئاگاداری ئەوانیش، بەلام ئەوان بە یەکجاری لە ناوەند دیار نەمان‌و دوای چەند مانگو چەندین دانیشتنی جۆراو جۆر لە دوای کیشمە کیشیکی زۆر و مشت و مریکی زۆر گشت ریکخراوەکان بریاری تەواو کردنی بە دیلەکەیاندا، لە دوای تاوتوێ کردن ودیتنی لە لایەن چەند پاریزەریکەوە ئینجا سمیناری جۆراو جۆری لە شاری هەولیرو شارۆچکەکانی تری بۆ کرا . لە دواییدا پیشکەش بە پەرلەمان کرا. یەکیتی ئافرەتان بۆی دەرکەوت بە بێ ئەوان پرۆژەی بە دیلی قانونی ئەحوال شەخسی داریژراو تەواو بوو و گەیشتە دەستی دەسەلاتداران ناچاربوو چەند خالیك وەك بەدیلی خۆی پیشکەش بە پەرلەمان بکات بەبێ ئەوەی هیچ وەلامیك بە کێشە سەرەکانی ژنان لەخۆی بگرێت‌و چارەسەری گونجاوی بۆ وەزع و کیشەی ژنان دۆزیبیتەوە ودارشتبیت، بەلکو ئەو خالانەی ئەو دەست نیشانی کردوە لە سنوری بێ مافی ژنان و پلەی دوویی ژنان دەرباز نابیت و تیناپەریت‌و هەمان سیناریۆکانی کۆیلایەتی ژنان دووبارە نمایش دەکاتەوەو ژنان لەو قالبە تەسکەی مەلەی بێ مافی تیا دەکات رزگاری نابیت. ئینجا چ دوو سێ وچوار ژنە بیت بەرامبەر پیاویك چ لە شایەتی چ لە میرات چ لەسەفەر وزەواج و......هیچ وەلامیکی بۆ ستەمکیشی ژنان پێ‌نی‌یە لە هەمان کاتدا دەیەویت ئەو چەند خالە خوارو خیچەی بکاتە بەدیلی پرۆژەی ناوەندی هاوبەشی ریکخراوەکانی ئافرەتان. دەیەوێت ئەو دەستکەوتەی ریکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان بە دەستی هیناوە بکاتە رەنج و خەباتی یەکیتی یەکەی خۆی. ئەگەر یەکیتی ئافرەتان ئەوەندە پەرۆش و دلسۆزی مافی ژنانە فەرموون قسە لەسەر زەواج لەسەر کرین و فرۆشتنی ژنان لەسەر شاهیدی لەسەر میرات لەسەرجیابوونەوە بکەن . وەرنە جواب، نەك لەسەرشتیك کە چەند سالە بەسەر چووە تاك ، تاك لیرەو لەوێ دووبارە دەبیتەوە و پەیرەو دەکرێ ئیوە قسەی لیدەکەن یان لەسەر قەیرە کچ وەك ئیوە ناوتان ليناوە، باشە ئەوە کەی پەیوەندی بە خەباتی ئیوەوە هەیە شووکردنی کچان لە تەمەنیکی زوو یان درەنگ پەیوەندی بە شەخسی خۆیان هەیە نەك خەمی ئیوە بیت ئەمەش بۆ بەهیز کردنی پروپاگەندەکانی بزووتنەوەی رەوتە ئسلامی‌یەکان بۆ زیندوو کردنەوەی فرەژنی‌و ژمارەی زۆری ژنان و کەمی پیاوان کەئەمەش سەرجەم دەزگاکانی راگەیاندنی ناسیونالیزم وئیسلامی‌یەکان و ئیوەی گرتۆتەوەو بۆتە کۆرو بۆنەوەی ئیوە و ئەوان. بۆیە پیویستە سکرتیری یەکیتی ئافرەتان و یەکیتی‌یەکەی بە خۆیدا بچیتەوە لە پەیرەو و پرۆگرامەکانی سەبارەت بە گۆرینی وەزعی ژنان و بنیاتنانی بنەمای کۆمەلگای مەدەنی.

تەنها قانونی یەکسانی ژن و پیاو وەلامی سەرجەم کیشەکانی ژنانەو و پرۆژەی بەدیلی ناوەندی هاوبەشی ریکخراوەکانی ئافرەتانیش هەنگاوێکە بەرەو پێش رووەو چەسپاندنی قانونی یەکسانی ژن و پیاو، بۆیە پیویستە دەسەلاتدارانی کوردستان لاپەرە تۆزاوی‌یەکانی ئەو ئەلتەرناتیڤەی ناوەند هەلدەنەوەو گفتۆگۆی لەسەر بکەن‌و بیخەنە قالبی جیبەجی کردنەوە.

# فیدرالیزمی قەومی‌و مەسەلەی ژنان لە کوردستاندا!

ئالا فەرەج

alafaraj@hotmail.com

هەل ومەرجی سیاسی ئێستا، کە خەلکی عیراقی لەبەردەم هەڕەشەی لێدانی ئەمەریکادا داناوەو ئەمەریکا تا ئێستا سورە لەسەر بردنە پێشەوەی نەخشەی خۆی بۆ لێدانی عیراق و لابردنی "دیکتاتور"، کە بەگشتی هیزەکانی ئوپوزیسونی بورژوازی عیراق بەدەوری سیاسەتی ئەمەریکیدا خۆیان گرموڵە کردوە. لەم نێوەشدا ئەحزابی ناسیۆنالیزمی کورد، پێشنیاری خۆیان بۆ فیدرالیزەکردنی عیراق لە سەرپایەی دوونەتەوەی کوردو عەرەب، خستۆتە ڕوو. جیاوازی ئەم خواست و شیعارەیان کە پەیوەندی نی‌یە بە ویستی خەلکی کوردستانەوە بۆ لابردنی ستەمی نەتەوەیی ئەوەیە، کە دەیانەوێ "کورد" واتە دەسەلاتی خۆیان پلەیەکی بەرزتری هەبیت لە عیراقی دوای "صدام حسین". ئەم بیرو ڕایەی ئەحزابی دەسەلاتدار، بەشێوەیەکی ئوتوماتیکی چۆتە نێو ڕێکخراوەکانی ژنانی سەربەم حزبانەو، ژمارەیەکی بەرچاو لە قەلەم بەدەستانی بێ چارەشی گرتۆتەوەو، خواستی ئەوەیان هەیە کە "ژنانی کورد" دەوریکی بەرچاوتر یان بانتریان هەبیت، لە عیراقی ئایندەداو نوینەرانیان بەرچاو و دیار بیت لە پەرلەمانی "عیراقی فیدرالی‌دا"، بە قەولی خۆیان چونکە خاوەنی ئەزمونی کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی زیاترن.

بەجیا لە ئەگەری لێدان و لێنەدانی عیراق لە لایەن ئەمەریکاوە، هەروەها بەجیا لەوەی کە فیدرالیزم مومکنە بێتە دی یان نا، ژنانیش مافی خۆیانە کە لە ناوەندی بریارو سیاسەت دارشتن و مەوقعیەتی بەرزی سیاسیدا بەشدار بن، وە بەشداری سیاسی ژنان لە بردنە پێشەوەو بەرێوەبردنی کاروباری کۆمەلگەدا داوایەکی بەرحەق و ئینسانی‌یە و لەهەمانکاتیشدا ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە یەکێك لە مافە سەرەکی‌یەکانی ژنانەوە. بەلام لیرەدا هەلبەتە چەند پرسیاریك دێتە پێشەوە لەوانە، ریکخراواەکانی ژنانی سەر بە یەکێتی وپارتی، واتە یەکیتی ئافرەتان‌و ژنانی کوردستان، لەکام ڕوانگەیەوە ئەم باس و خواستە پێشنیار دەکەن؟ وە پاشان لە حاڵەتی جێ بەجێ بونی داواکاری ئەم ڕێکخراوانەدا، ئایا خواستەکانی ژنان واتە "نەمانی پلەدوویی ژن لە کۆمەلگەدا" مەیسەر دەبێت؟

باس و پێشنیاری ئەم ڕێکخراوانە، لە وەلام دانەوە بەکێشەی ژنان و خواستە بەرحەقەکانیانەوە نەهاتۆتە دەرێ، واتە باسی جێگاو ڕێگای سیاسی ژنان لە ڕوانگەی ئەوانەوە، باسی پێگەی ژنان نی‌یە، وەك ئینسانێك لە عیراقدا کە پێویستە یەکسان بن وەك هاولاتی‌یەك لەگەل پیاواندا، لە هەموو مەیدانەکانی کۆمەلایەتی وسیاسی و ئابوری و فەردی ...، بەڵکو باسی ئەوان، ڕاستەخۆ باسی " نەتەوەیە"، لای ئەوان بۆ دەسەلاتی ئایندەی عێراق، " ژن" بون دابەشکراوە بەسەر ژنی کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشوری و ....لیرەوە دەگەنە ئەو بەرئەنجامەی کە پێویستە ژنی کورد، (کتلەیەکی بەهێز)بن، بێ گومان دەگاتە ئەوەی کە لە بەرانبەر ژنی عەرەبدا بەهیزبن لە پەرلەمانی ئایندەدا، کاتیك کە مافەکانی ئینسان لە ڕوانگەی نەتەوەوە تەماشابکرێت، نەك وەك مافیکی جیهانی، هەر ئەوەی لێدەمێنێتەوە. تیڕوانینی قەومی کورد بو مەسەلەی ژنان، نامۆیە لەگەڵ ویست وخواستەکانی ژناندا، نامۆیە لەگەل ئەوەی ژن بڕیاردەربێت بە ویست وئارەزوی خۆی هاو ژیانی خۆی هەبێت یان نا، نامۆیە بە ئازادی جیابونەوە، نامۆیە بە سەربەخۆیی ئابوری ژنان، نامۆیە بە ئازادی‌یەکانی ژنان، ئەوەندەی قبولیشی کردوە، تەنها فشارێکی بەهیزی کۆمەلگای مۆدیرنی کوردستان و هەوڵی خەباتکارانەی چەند ساڵەی بزوتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنانە لە کوردستان کە پەرچەمەکەی کۆمونیزمی کرێکاری و حزبەکەی بوە. بە واتایەکی تر ڕێکخراوەکانی ژنان خۆیان وە لە بەرئەنجامی زاڵبونی بیری نەتەوەیی کورد بەسەریاندا، ناچار بون، کە پلەدوویی بۆخۆیان قبوڵ بکەن ودوبارە بەرهەمی بهێننەوە، بەتایبەت لە هەلومەرجێکدا کە زەمینە لەبارە بۆ تورڕ هەڵدانی بیری کۆنەپەرستی و "پلە دوویی" ژنان لە کۆمەلگەدا. ئەمە لەماوەی ١٠ساڵ زیاتر لە دەسەلاتداریتی ئەحزابی قەومی کورد بە شێوەیەکی ڕۆشن بۆ هەموو کەس لەکوردستان وە بۆ جیهانی دەرەوەش دەرکەوتوە.

بەلام ئایا بەفەرزی جێ بەجێ بونی ئەم خواستەی ڕێکخراوەکانی یەکێتی و پارتی، ژنان دەگەنە چی، وە چی‌یان پێ دەبڕێت؟! هەروەك پێشتر وتم بونی ژنان‌و ڕۆڵی ژنان لە سیاسەت و بەرێوەبردنی کاروباری کۆمەلگەدا، گرنگە و خواستێکی بەرحەقە، بەلام ژن وە ك ئینسانێك کە بەشداری دەکات لە هەموو مەیدانەکانی ژیانی کۆمەلایەتی‌دا، لەکارو لەخوێندن و لە سیاسەت و لە بەرهەمهێنان و ... شان بەشانی پیاوان کۆمەلگا بەرێوە دەبەن ئەمە تا ئیستا وابوە، بەلام لیرەدا "ژن" وەك ئەندامیکی کۆمەڵ ئەم کارەی بردوتە پێشەوە، بەلام مەسەلەی ئەصلی خۆی لە جیگای خۆیدا ماوە، ئەویش مەسەلەی "پلە دوویی" بونیەتی. بەگەیشتنی ژنان بو پەرلەمان یان بوون بە دادوەر یان بون بە وەزیر هیچ لەکێشەی ژنان کەم نابێتەوە، هەروەك تەجروبەی چەند ساڵەی کوردستان، وەتەنانەت لەنیو پەرلەمانی کوماری ئیسلامی ئیراندا، ژن هەیە، لە پەرلەمانی بەحریندا ٢ ژن هەیە لە مصردا ١١ ژن هەیە، نەك هەرئەوە بەلکو بەنازیر بوتوو و ... سەروك وەزیرانیش بون لە کوردستانیش وەزیری ژن هەن. بەلام سەرەرای ئەوانە لەهەموو ئەو وولاتانەدا جێگاو رێگای ژن بەرادەیەك لە خوارەوەیە وە بەرادەیەك ژنان زوڵمیان لێ دەکرێت، حیجابیان بەسەردا دەدریت، بەزور دەدرین بە شوو و بە نیو ئینسان حساب دەکریت، وەزیاتر لەوەش لە ئیراندا بەردبارانیش دەکرین، لەکوردستانیشدا سەرەرای وەزیری ژن‌و بونی ئەندامانی ژن لە پەرەلەماندا و بونی قازی ژن بەلام "کوشتنی ژن" نەك هەر بەردەوام بوو، بەلکو توندتر و زیاتر بووەوە، توانج و هوتاف کیشان و هوها کیشان بۆ ژنانی سفور و جل وبەرگ غەربی هەر بەردەوام بوو، و.... مەسەلەکە ئەوەیە ئەو ژنانەی ئەندام پەرلەمانن، بەهەمان عەقلی نەتەوەیی یان ئیسلامی بیردەکەنەوە کە حیزبەکەیان هەیەتی، لیرەشەوە عەقلی ئەوان دەبیتە عەقلی پیاو، بەمانای "پیاو سالاری " و رەبتی نابیت بە جیگاو ریگای ژنەوە لەکومەلدا.

بەبڕوای من لە کوردستان وە لە تەواوی عێراقدا، رزگاربونی ژنان لەپلە دوویی و گەیشتن بە مافەکانیان تەنها دەتوانرێت لە ریگای کۆمۆنیزمی کریکاری یەوە مەیسەر بیت، ریگاکانی تر نەماون. بەتایبەت ئەگەر کەسیك لە بەر بەرژەوەندی روژ خۆیٍ هەلنەخەلەتینێت، نمونەی چەند سالەی کوردستان نمونەیەکی زیندوە کە بزوتنەوەی کوردایەتی و هیزەکانی، چەندە دورن لە خواست و ویستەکانی "ژن"ەوە، نەك هەر ئەوەندە بەلکو بەتوندی دژایەتی یەکسانی ژن وپیاو دەکەن. بەلام پیدەچێت، ئەندامانی بالای ئەم ریکخراوانەی ژنان، خولیای بون بە ئەندامی پەرلەمانی ئایندەی عیراق، هەر بەتەواوی مەسەلەی ژنانی لە بیر بردبیتنەوە.

# ناسك ئەحمەد لەسەردانێکدا بۆ یۆتۆبۆری لە سوید

بۆ قسەوباسکردن لەسەر وەزعییەتی ژنان‌و خەباتی یەکسانیخوازانەی ژنان لە کوردستاندا، هەروەها وەزعیەتی ژنانی کوردستان لەدەرەوەو تاوانەکانی ناموسی، ناسك ئەحمەد رۆژی ٧/٦ گەیشتە شاری یۆتۆبوری لەسوید.

ڕۆژنامەی "یۆتێبۆری پۆستن"، یەکەمین رۆژنامەی بەیانیانی ناوەراست و خوارووی سوید و دووهەمین ڕۆژنامەی بەیانیان لە ئاستی سەرانسەریدا، چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ناسك ئەحمەددا سازکرد و لە ڕۆژی ٧ی سێپتێمبەردا بڵاوی کردەوە. ڕۆژنامەی یۆتێبۆری پۆستن بە ناونیشانێکی گەورە و لە ناساندنی ناسك ئەحمەددا دەنووسێت:" ئەو خەباتگێڕەی کە دەیەوێ چیدی ژنان ڕووبەڕووی چارەنووسی فاتمە نەبنەوە". پاشانیش لە درێژەی ڕاپۆرتەکەدا دەنووسێت:" کاتێك ناسك ئەحمەدی (٣٣) ساڵ، لە تەمەنی منداڵیدا بوو، نیگەرانییەکی گەورە دایدەگرێت وەختێك یەکێك لە هاوپۆلە دوانزە ساڵانەکەی دەدرێت بە کابرایەکی بەتەمەن. ناسك لە گەورەییدا، ئەم نیگەرانییەی منداڵی دەکاتە تورەیی و ئاوێزانی دەکات بە خەباتکردن لە پێناو مافەکانی ژنانەوە لە کوردستاندا."

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ٧ی سێپتێمبەر، ناسك ئەحمەد لە هۆڵی "فۆلکێتس هیوس"ی یۆتیبۆری و لە کاتژمێری سێ و بیست دەقیقەو بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنان و پیاوان و لاوانی شاری یۆتێبۆری سیمینارەکەی دەستپێکرد. ناسك ئەحمەد وەزعیەتی ژنان لە کوردستان بە گشتی و بەتایبەتیش تاوانەکانی ناموسی خستە بەرباس‌و باسی لە دوایین ئاڵوگۆڕەکانی هەلومەرجی کوردستان کردو بە تایبەتیش پەنجەی خستە سەر ئەو هوکارانەی کە بوونەتە هوی گەیاندنی ژمارەی کوشتارو تیروری ژنان بە هەزاران، لەم بارەیەوە ووتی بەر لە هەر شتیك دەسەلات و ئیسلام و قانوونەکان و هەلومەرجیکی سیاسی دیاریکراو کە لە کوردستانی عیراقدا بە دەستی ئەحزابی ناسیونالیستی دەسەلاتدار و سیاسەتەکانی ئەمەریکا خولقاوە، بەرپرسیارن. هەروەها باسی لە سیاسەتی چەوتی دەولەتانی ئەوروپایی کرد، کە دانی نەناوە بە مافی جیهان شمولی ژناندا و ئینسانەکانی دانیشتووی کومەلگا ئەوروپاییەکانی بەپی کولتورو رەگەزو شوینی لەدایك بوون جباکردۆتەوەو بەم پێیەش مافی بۆ دیاریکردوون، لە بری ریزگرتن لە ئینسان ریزی بو کولتور و فەرهەنگە پیاوسالار و کونەپەرستەکان داناوەو ئەمە هوکاریکی گرنگە لە خولقاندنی تاوانەکانی ناموسپەرستی دەرهەق بە ژنانی پەنابەر لە وولاتانی ئەوروپاییدا.

# چەند چالاکیەکی کەمپینی دیفاع لە مافەکانی ژنانی عێراق لە نەرویج

رۆژی ٢٠٠٢/٨/٢٧ کەمپینی دیفاع لە مافەکانی ژنانی عێراق لە نەرویج هەستا بە سازدانی ئێوارە کۆڕێك کە تیایدا سەرەتا (بەهار مونزر) بەرپرسی کەمپین باسێکی سەبارەت بە ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و کارو چالاکیەکانی ڕێکخراو هەر لە سەرەتای دروست بوونیەوە تاکو ئێستا پێشکەش کرد. لە باسەکەیدا ئیشارەی بە سەنتەری پارێزگاری ژنان و کارو چالاکیەکانی و ڕێگریەکانی ئەحزابە دەسەلاتدارەکانی کوردستان کرد و بلاوکراوەی (یەکسانی)یشی بە ئامادەبووان ناساند.

لە بەشی دووەمی پرۆگرامەکەدا فیلمێکی وەسائقی لە سەر وەزعیەتی ژنانی کوردستان و بەکارهێنانی توندوتیژی لە بەرامبەریاندا پێشکەش بە ئامادەبووان کرا کە فیلمەکە بەشێك لە کارەکانی سەنتەری پارێزگاری ژنانیشی گرتبووەخۆی.

دوای پێشکەش کردنی فیلمەکە دەرگای باس و گفتوگۆ کرایەوەو ئامادەبووان بە بەشداری چالاکانەیان کۆڕەکەیان گەرم ڕاگرت. دواتر وەڵام بە پرسیارو ناڕۆشنیەکانی ئامادەبووان درایەوە. شایانی باسە کە نوێنەری ڕێکخراوی NPA لەوێ ئامادەبوو. لە کۆتاییدا نوێنەری NPA و چەند کەسی تر لە بەشداربووان ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاری کردنی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان نیشاندا.

ڕۆژی ٢٠٠٢/٨/٢٧ (بەهار منزر) بە نوێنەرایەتی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان بەشداری لە دێباتێکی بەرنامەی Standpunkt (ڕای خۆت)ی کەناڵی تەلەفزیۆنی NRK1 ی نەرویجیدا کرد کە لەسەر مەسەلەی حیجابی منداڵان و پێشنیاری قەدەغەکردنی حیجاب بوو بۆ منداڵانی خوار ١٦ ساڵ. لەم دێباتەدا چەندین ڕێکخراوی ئیسلامی و ژنان بەشداربوون و وەزیری شارەوانیەکانیش یەکێك بوو لە بەشداربووانی دێباتەکە.

بەهار منزر سەرنج و پێشنیارەکانی خۆی لە سەر قەدەغەکردنی حیجاب بۆ منداڵانی خوار ١٦ ساڵ خستەڕوو و باسێکی کورتیشی لە سەر ئیسلام و بێبەشی ژنان کرد لە ئیسلام داو بەشێکی زۆری دیبباتەکە چووە سەر قسەوباسەکانی ئەو.

هەمان شەو بۆ جاری دووەم بەرنامەکە لە کەناڵی تەلەفزیۆنی NRK2 دا پێشکەش کرایەوە.

یەکسانی

بڵاوکراوەی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان

سەرنووسەر: ساکار أحمد

sakar_a@yahoo.com